کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەورەی دووەهەم – ژمارە ۴۶۸ – سەرماوەزی ۱۴۰۴– دسامبری ۲۰۲۵




له ٥



## ستانداردی مافەکانی مرۆڤ، بەهرەمەندبوونی یەکسانە لە هەموو دەستکەوتەکانی مرۆڤ

له ٩



## خەمۆکی و ناشادی لە ئێران ئاکامی بەردەوام مانەوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی

له ٧



## کانە خەڵوزەکانی ئێران، قەتڵگاکانی کار و کەڵەکەبوونی قازانج

له ٨

## سەروتار

### ڕۆژی جیهانی کۆچ و ڕیاکاری زلهێزە سەرمایەدارییەکان

١٨ی دێسامبر بەرامبەر بە ٢٧ی سەرماوەز لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە وەک «ڕۆژی جیهانی کۆچ» ناوزەد کراوە. ڕۆژێک بۆ یادکردنەوەی چارەنووسی ملیۆنان ئاوارە و کۆچبەر لە سەرانسەری جیهان، واتە ئەو کەسانەی کە ساڵ بە ساڵ ژمارەیان زیاد دەکات. لەو ڕۆژەدا دەوڵەتەکان، دامەزراوە نێودەوڵەتی و شرۆڤەکاران باس لە هۆکار و دەرئەنجامەکانی کۆچ دەکەن، بەڵام بە گشتی گرنگترین ڕاستی دەشارنەوە، ئەویش ئەوەیە کە بەشێکی بەرچاو لەم کۆچکردنە بەرهەمی ڕاستەوخۆی سیستەمی سەرمایەداری جیهانی، سیاسەتی شەڕخوازانە، داگیرکاری و نایەکسانی کۆمەڵایەتییە. هەر ئەو دەوڵەتانەی کە ئەمڕۆ بەدەست لێشاوی کۆچبەرانەوە وەزاڵە هاتوون، خۆیان هۆکار و سەبەبکاری سەرەکی ئەم دۆخەن. هەژاری، بێکاری، برسێتی، نەخۆشی، سەرکوتی سیاسی، شەڕ، قەیرانی ژینگە، کەمی ئاو و خۆراک، نائەمنی و توندوتیژی لە لایەک و هیوای دۆزینەوەی کار و داهاتێکی باشتر، دەستراگەیشتن بە خوێندن و بێهداشت، ئەمنییەتی گیانی، ئازادییە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان و هەروەها ئەگەری بنیاتنانی ژیانێکی ئینسانی تر، لە زومرەی هۆکارە سەرەکییەکانی کۆچکردنن. بەشێکی زۆر لە کۆچکردنەکانی ئەمڕۆ لە جیهاندا، بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقاوە، کۆچی زۆرەملێن. واتە مرۆڤ نەک لە ڕووی حەز و ویستی خۆیان، بەڵکوو بەمەبەستی ڕزگاربوون لە شەڕ، سەرکوت و هەژاریی و مەرگ، ڕێگای ئەو کۆچە کارەساتبارانە دەگرنەبەر

ڕێککەوتننامەی ژنێڤ سەبارەت بە دۆخی پەنابەران، بەڵگەنامەیەکە کە لەلایەن زیاتر لە ١٤٠ دەوڵەتەوە واژۆ کراوە. ئەم بەڵگەنامەیە پەنابەر بە کەسێک پێناسە دەکات کە بەهۆی ترسێکی پاساوهەڵگر بەهۆی بەدواداچوونی سیاسی، ئایینی، ڕەگەزی، شەڕ یان کارەساتەوە ناچار بووە وڵاتەکەی بەجێبهێڵێت. ئەم بەڵگەنامەیە جەخت

درێژە لە لاپەڕەی ٢

دەورەی دووەهەم - ژمارە ٤٦٨ - سەرماوەزی ١٤٠٤- دسامبری ٢٠٢٥

## درێژەی سەروتار

لەوە دەکاتەوە کە نابێت هیچ پەنابەرێک بگەڕێندرێتەوە بۆ وڵاتێکی کە تیاید گیان یان ئازادییەکەی لە مەترسیدا بێت. بەڵام بە کردەوە هەر ئەو دەوڵەتانەی واژۆیان کردووە، بە درکردنی یاسای توند و گرتنەبەری سیاسەتی دژە پەنابەریی، بەشێوەیەکی سیستماتیک ئەو ئوسوول و بنەمایانە پێشێل دەکەن. بەرپرسانی وڵاتانی دەوڵەمەندی سەرمایەداریی بەتایبەتی لە ئورووپا و ئەمریکای باکوور و ئوسترالیا، بەردەوام بەدەست گوشاری کۆچبەرانەوە سکاڵا دەکەن و یەک لە دوای یەک یاسای دژە کۆچبەری و دژە پەنابەریی دەردەکەن. بەڵام بە ئەنقەست چەند ڕاستییەکی بنەڕەتی دەشارنەوە. ئەوان خۆیان هۆکار و سەبەبکاری شەڕ و وێرانکارییەکانن. شەڕە ڕاستەوخۆ و بە وەکالەتەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقاوە بگرە تا لیبی، ئەفغانستان، عێراق و سورییە و یەمەن، بەبێ بەشداریی چالاکانەی هەمان ئەو زلهێزانە مومکین نییە. فرۆشتنی ملیاردها دۆلار چەک و کەرەستەی شەڕ بە دەوڵەتە سەرکوتگەرەکانی ناوچەکە و پێشبڕکێی چەک و چۆڵ، کردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەشێک لە ئەفریقا بە گۆڕەپانی شەڕی هەمیشەیی، بەرهەمی ڕاستەوخۆی سیاسەتی ئیمپریالیستی و میلیتاریستی ڕۆژئاوایە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی ئورووپا بۆ ماوەی دەیان ساڵ سامانی سروشتیی ئەفریقیایان تاڵان کرد و کاتێکیش ڕۆیشتن، گەلێک سنووری دەستکرد، دابەشکاری نەتەوەیی و خێڵەکی، دەوڵەتی وابەستە و پێکهاتەی گەندەڵیان لەدوای خۆیان بەجێهێشت. هێزی کاری هەرزانی خەڵکی ئەو وڵاتانە لە کارگە و بەندەرەکانی ئورووپا، یەکێک بوو لە سەرچاوە سەرەکییەکانی کەڵەکەبوونی سەرمایە لە سەردەمەکانی ڕابردوودا و هەتا ئێستاش ڕەوتی تاڵانکردن هەروا بەردەوامە. کۆمپانیا فرەنەتەوەییەکان، ڕێککە و تنی نادادپەروەرانەی بازرگانی و قەرزە وێرانکەرەکان هەروا بەردەوامن لە تاڵانکردنی سەرچاوەکانی ئەو وڵاتانە. لە ئاوا هەلومەرجێکدا، کاتێک خەڵکی ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دەست هەژاریی و شەڕ و نەخۆشی هەڵدێن و لە دەرگای ئورووپا و ئەمریکا دەدەن، ئەوە تەنها هەڵبژاردنێکی کەسی نییە، بەڵکوو دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی ئەو نەزمە جیهانییە نارەوایەیە کە ئەم دەوڵەتانە دروستیان کردووە و پاراستوویانە. یەکێتی ئورووپا و زۆرێک لە حکوومەتە ئورووپاییەکان بەمەبەستی ڕێگریکردن لە لێشاوی پەنابەران، کۆمەڵێک سیاسەت و ڕێوشوێنیان گرتۆتەبەر کە یەک لە یەک نامرۆڤانەترن

١- گەڕاندنەوەی پەنابەران بۆ وڵاتەکانی خۆیان، واتە بەرەوڕووکردنەوەیان لەگەڵ مەترسی مەرگ. زیاتر لە ٩٠ لەسەدی پەنابەرانی ئورووپا، لە ناوچە شەڕلێدراوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقاوە دێن. بەشێکی زۆریان لە وڵاتەکانی خۆیان ئاوارەن و ماڵ و حاڵیان وێران بووە، نە ئەمنییەتیان هەیە و نە کەمترین ئیمکانی ژیان. گەڕاندنەوەیان بەکردەوە واتا تەسلیم کردنیان بە شەڕ، ئەشکەنجە، هەژاری موتڵەق یان مەرگی بە شێنەیی

٢- توندکردنەوەی یاساکانی دژە پەنابەری. پەسەندکردنی یەک لە دوای یەکی یاسای سنووردارکردنی پەنابەریی، تەنیا پەناخوازان ناکاتە ئامانج، بەڵکوو وردە وردە دەبێتە هەڕەشە بۆسەر ماف و ئازادی سەرجەم دانیشتوانی ئەو وڵاتانە. بەهێزبوونی ڕەوتە ڕاستە توندڕەو و ڕەگەزپەرستەکان، کە دژایەتی کردنی کۆچبەرانیان کردۆتە ئاڵای خۆیان، زەمینە خۆش دەکات بۆ هێرشکردنە سەر دەستکەوتە مێژوویەکانی بزووتنەوە کرێکاریی و کۆمەڵایەتییەکان. بیمە، خزمەتگوزاری گشتیی، ئازادییە مەدەنییەکان و هتد.. چینی کرێکار و زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی ئەم وڵاتانە، دوای کۆچبەران، دەبنە قوربانیانی داهاتووی ئەم سیاسەتانە. ئەم ڕەوتە نیشان دەدات کە سیاسەتی دژە کۆچبەران، لە کۆتاییدا دژە کرێکار و دژە مرۆڤە، جا چ کۆچبەر بێت یان خۆ جێیی

٣- داخستنی سنوورەکان و سنووردارکردنی ئۆ پە را سیۆ نە کا نی بەهاناوەچوونی دەریایی، مەرگێکی بە ئەنقەستە لە دەریای ناوەڕاست. یەکێتی ئورووپا بە بڕیاری فەرمی ئۆپەراسیۆنەکانی بەهاناوەچوونی لە دەریای ناوەڕاست سنووردار کردووە. ئەوان دەڵێن فراوانکردنی ئامراز و ئیمکانات بۆ ئۆپەراسیۆنەکانی بەهاناوەچوون، هانی کۆچبەرانی تر دەدات. بەم هۆیەوە ڕێگاکانی کۆچکردن مەترسیدارتر بوون و ژمارەی گیانلەدەستدان لە دەریاکاندا بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە. ئەوە لە کاتێکدایە کە بەلەمە دەریایی و ئاسمانییەکانی ئورووپا، بە پێشکەوتووترین تەکنەلۆژی، دەتوانن زۆر زوو هەر بەلەمێکی پەنابەران بخەنە ژێر چاوەدێری و پێش ئەوەی کە نوقم بن بە هانایانەوە بچن. بەڵام بە ئەنقەست ئەم توانایە لە پێناو ڕزگارکردنی گیانی مرۆڤەکاندا بەکارناهێنن. بەڵام واقیعییەت ئەوەیە کە سنووردارکردنی ئۆ پە را سیۆ نە کا نی بەهاناوەچوون، پێشی بە هاتنی کۆچبەران نەگرتووە، تەنیا کارەساتبارتری کردووە

بەڵام سیاسەتی دەوڵەتەکانی ئورووپا شتێکی دەگمەن نییە. لە ئەمریکا یەکێک لە توندترین یاساکانی کۆچبەری و سنوورەکان بەڕێوە دەبرێت. جیاکردنەوەی ئەندامانی خێزان، زیندانیکردن و گەڕاندنەوە، دروستکردنی دیوار لەسەر سنوورەکان، سەرکوت و هەڵسوکەوتی توندوتیژانە لەسەر سنوورەکان، لە زومرەی ئەو سیاسەتانەن کە بەتایبەتی لە دوای هاتنە سەرکاری ترامپ لە ئەمریکا توندتر بوونەتەوە. لە ئوستڕالیا، پەناخوازان بۆ ماوەی ساڵانێک لە دوورگە دوورەکان و لە بارودۆخێکی نامرۆڤانە و سوکایەتی ئامێزی ناو گرتوخانەکاندا ڕادەگیرێن، وەک ئەوەی تاوانێکیان ئەنجامدابێت، تەنها لەبەر ئەوەی ویستوویانە لە ژیاندا بمێننەوە. ئەم سیاسەتانە ئەوە دەردەخات کە بۆ دەوڵەتە سەرمایەدارییەکان گیان و کەرامەتی مرۆڤی کۆچبەر بە بەراورد بە لۆژیکی قازانج، هیچ هێز و بەهایەکی نییە.

بەڵام سیاسەتەکانی دژە کۆچبەریی تەنها ڕەتکردنەوەی «دەرەکییەکان» نییە. بەڵکوو ئەم سیاسەتانە ئامانجی دیکەشیان لە پشتە. یەکەم، دروستکردنی ناکۆکی و دووبەرەکی لەناو چینی کرێکار، لە ڕێگەی پەرەپێدان بە ڕەگەزپەرستی و دژە کۆچبەریی. کرێکارانی خۆجێیی و کۆچبەر لە بەرامبەر یەکتردا دەوەستنەوە و سەرنجەکان سەبارەت بە دوژمنی سەرەکی، واتە سەرمایەداران و دەوڵەتەکانیان بەلاڕێدا دەبرێت. دووەم، گوشار بەمەبەستی پاشەکشەکردن بە دەستکەوتە کۆمەڵایەتییەکان بە بیانووی ئەوەی کە کۆچبەران تێچووی زۆریان هەیە. هێرشکردنە سەر خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان، بیمەی بێکاری، تەندروستی و پەروەردەی گشتی پاساو دەکرێت. لە ڕاستیدا سەرجەم هاووڵاتیان، چ خۆجێیی و چ کۆچبەر، بەدەست ئەم پاشەکشەیەوە زیان دەبینن. سێیەم، داڕمانی ئەخلاقی و سیاسی ئەو کۆمەڵگایانەی کە کۆچبەران ڕوویان تێدەکەن. ئاسایی بوونەوەی مەرگی کۆچبەران لە دەریاکاندا، زیندانیکردنی منداڵان لە کەمپەکاندا و پەسەندکردنی یاسای جیاکاری، بە مانای لەناوچوونی بنەما ئینسانی و دیموکراتیکەکانی هەمان ئەو کۆمەڵگایانەیە. لە بەرامبەر ئەم دۆخەدا تەنیا بەرگریکردن لە کەمترین مافی پەنابەران بەس نییە. بەڵکوو پێویستە لەسەر مافی جیهانیی مرۆڤەکان بۆ ژیان، ئەمنییەت، کار و کەرامەتی ئینسانیی جەخت بکرێتەوە. دەبێ مافی کۆچکردن و هاتوچۆی ئازادی مرۆڤەکان، وەک شارۆمەندانی جیهانێکی هاوبەش، بە فەرمی بناسرێت. واتە هەر مرۆڤێک بتوانێت لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە بیەوێت بژی، بەبێ ئەوەی بە تاوانی بێگانە بوون سزا بدرێت و سووکایەتی پێ بکرێت. پێویستە خەبات و تێکۆشان لەپێناو مافی کۆچبەران و پەنابەران بە خەباتی چینی کرێکار و بزووتنەوە پێشکەوتنخواز و دژە ڕەگەزپەرستییەکان لە وڵاتانی شوێنی نیشتە جێبو و نی کۆچبەرانەوە گرێ بدرێت، بۆ ئەوەی ڕوون بێتەوە کە بەرژەوەندیی کرێکارانی ئێرانی، سووری، ئەفغانی، ئەفریقایی، ئیتاڵیایی، فەڕانسەیی و ئەڵمانی، هیچ جیاوازی و ناکۆکییەکیان بەیەکەوە نییە. دوژمنی هاوبەشی هەموویان سیستەمێکە کە لە شەڕ و هەژاری و هەڵاواردن قازانج دەکات. لەم ڕۆژەدا پێویستە لەسەر ئەوە جەخت بکرێتەوە کە هیچ کەسێک نایاسایی نییە، ئەوەی کە نایاسایی و نامرۆڤانەیە ئەو سیستەمەیە کە مرۆڤ بە تاوانی کۆچکردن لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر سزا دەدات. خەبات بۆ بە فەرمی ناسینی مافی نیشتەجێبوون و مافی ژیانێکی ئینسانی بۆ هەموو مرۆڤەکان، بەشێکی دانەبڕاوە لە خەباتی جیهانی بۆ ئازادی، دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ڕزگاربوون لە دەست هەژموونی سەرمایەداری و خەبات بۆ سۆسیالیزم

****

# ئامادەکاری بۆ هێرشێکی نوێ بۆ سەر سفرەی بێ ڕەونەقی کرێکاران



ئیلنا، یەکێک لە ناوەندە هەواڵییە فەرمییەکانی کۆماری ئیسلامی، لە ڕاپۆرتێکدا لە ژێر ناوی "هیچ شتێک لە سفرەی کرێکاران نەماوەتەوە"، نووسی: "ئەمڕۆ هەڵاوسانی ڕاستەقینەی خاڵ بە خاڵی خۆراک لە سەرووی ٧٠ لەسەدەدایە. دوای ئەو شۆکە نوێیە، مووچەخۆران، تەنانەت ئەوانەش کە داهاتی مانگانەیان دەگاتە ٢٠، ٢٥، یان تەنانەت ٣٠ ملیۆن تمەنیش، توانای دابینکردنی بژێوی ژیانیان نابێت، لە دۆخێکدا کە نرخی سەبەتەی خۆراکی بنەماڵە کرێکارییەکان، سنووری لانیکەمی حەقدەست یان تەنانەت نیوەی مووچەی کرێکارێکی تێپەڕ کردووە، داتاکانی هەڵاوسانی مانگی نوامبر دەریدەخەن کە ڕێکۆردشکێنی نرخەکان لەم پایزەدا هەروا بەردەوام دەبن". بەڵگەکان ئەوە دەردەخەن کە کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدات بەرە بەرە نرخی بەنزین بەرز بکاتەوە. هەڵسوراوێکی کرێکاریی بە ئاژانسی هەواڵی ئیلنا دەڵێت: بەنزین کاڵایەکی بنەڕەتییە و بە گرانتربوونی نرخەکەی، بە دڵنیاییەوە سفرەی هەژارانەی کرێکاران هێندەی تر بێ ڕەونەق دەبێت بە شێوەیەک کە تەنانەت چیتر بە قەرز و قۆڵەش ناتوانن سەرەتاییترین پێداویستییەکانی سەر سفرەی هەژارانەیان دابین بکەن. لە ئاکامدا بەپێی سیاسەتەکانی دەوڵەت تا کۆتایی ساڵ شاهیدی هەڵاوسانی سەد لەسەدی یان تەنانەت زیاتریش دەبین. ئەوەش لە کاتێکدایە کە لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا نرخەکان لە کەرتی خۆراک و خانووبەرەدا بە ڕێژەی ٤٠٠ بۆ ٥٠٠ لە سەد بەرزبوونەتەوە... واقعییەت ئەوەیە کە بەرزبوونەوەی نرخی بەنزین لە ئێران تەنیا بەرزبوونەوەی نرخی کاڵایەکی دیاریکراو نییە. بەڵکوو لە ئابوورییەکدا کە گواستنەوە و دابەشکردنی کەلوپەل و خزمەتگوزارییەکانی ناوشار و تەنانەت بچووکترین چالاکیی ڕۆژانە بەستراوەتەوە بە نرخی بەنزینەوە، تەنانەت بلاوبوونەوەی هەر هەواڵێک سەبارەت بە ئەگەری بەرزبوونەوەی نرخی سووتەمەنیش، دەبێتە بیانوویەک بۆ بەرزکردنەوەی کرێی گواستنەوە و گرانکردنی نرخی خۆراک و خزمەتگوزارییە گشتی و تایبەتییەکان و هەروەها سەپاندنی شەپۆلێکی نوێی هەڵاوسان بەسەر خەڵکدا. گرانی نرخی بەنزین کاریگەری ڕاستەوخۆ و وێرانکەری هەیە لەسەر کرێی خانووبەرە، تێچووی هاتووچۆ بۆسەر کار و قوتابخانە و بەواتایەکی تر لەسەر هەموو بوارەکانی ژیانی ڕۆژانەی بنەماڵە کرێکارییەکان. کرێکاران و مووچەخۆران کە پێشتریش بەو حەقدەست و مووچە کەم و جێگیرە، بە زەحمەت دەیانتوانی پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیان دابین بکەن، ئێستا بەهۆی بەرزبوونەوەی لەڕادەبەدەری کرێ، هەزینەی دەوا و دەرمان، خەرجی قوتابخانە و لانیکەمی ئیمکاناتی خوێندن بۆ منداڵەکانیان، هێندەی تر دەکەونە ژێر گوشارەوە. لە ئاوا هەلومەرجێکدا تەنانەت دەنگۆی گرانبوونی نرخی بەنزین، بەر لە دەرچوونی هەر بڕیارێکی فەرمی، بەخێرایی دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی سەرجەم کاڵا و خزمەتگوزارییەکان. بازاڕێکی کە ساڵانێکە لەسەر بەستێنی هەڵاوسانی بەردەوام و ناسەقامگیریی ئابووریی پێکهاتووە، هەر هەواڵ و دەنگۆیەک دەکات بە بیانوو بۆ بەرزکردنەوەی نرخەکان و تێچووی ئەم یارییەش بەردەوام لە گیرفانی چینی کرێکار و زەحمەتکێش واتە ئەو کرێکارانەی کە چەند مانگێکە مووچەیان وەرنەگرتووە، ئەو بنەماڵانەی کە توانای دابینکردنی کرێی خانوویان نییە، ئەو دایک و باوکانەی کە ناچارن لە نێوان کڕینی کتێب و پێڵاوی قوتابخانەی منداڵەکانیان و کڕینی نان یەکێکیان هەڵبژێرن، ئەو خانەنشینانەی کە دوای تەمەنێک کارکردن لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین، دابین دەکرێت. بەڵام ئەوە تەواوی گرفتەکان نییە. خانووبەرە بووەتە یەکێک لە گەورەترین خەون و خولیای چینی کرێکار. بەشێکی زۆری داهاتی بنەماڵە کرێکارییەکان بۆ خانووبەرە خەرج دەکرێت و زۆربەیان ناچارن کۆچ بکەن بۆ پەراوێزی شارەکان و لە چواردیوارییەکی بچووک و نائەمنەکاندا بژین، یان بەهۆی بێ توانایی لە دابینکردنی کرێی خانوو، ساڵانە چەند جار ماڵ بگۆڕن. ئەم ناسەقامگیرییە بەردەوامە ڕاستەوخۆ کاریگەری هەیە لەسەر ژیان و پەروەردە و داهاتووی منداڵانی ئەو بنەماڵانە دەرئەنجامەکەی ئەوەیە کە منداڵانێکی زیاتر واز لە خوێندن دێنن، بە زۆر ڕەوانەی بازاڕی کاری تاقەت پڕوکێن دەکرێن و هەژاریی، خۆی لە نەوەی داهاتوودا بەرهەم دەهێنێتەوە.

کاتێک دایک و باوک ناتوانن لانیکەمی ویست و داواکاریی منداڵەکانیان دابین بکەن، کاتێک ناچارن لە نێوان کڕینی نان، دەرمان، دەفتەر و پێنووسی قوتابخانە یەکێکیان هەڵبژێرن، کاتێک ناچارن ڕۆژانە سووکایەتی خاوەن ماڵ و ئیدارە و بانک و خاوەنکارەکان تەحەمول بکەن، هەژاری بە کردەوە دەبێتە برینێکی قووڵ لەسەر کەرامەتی مرۆڤ. سفرەی کرێکاران و زەحمەتکێشان ڕۆژ بەڕۆژ بچوکتر دەبێتەوە، لە کاتێکدا تێچووی پێداویستییەکانی ژیان لە کرێی خانووبەرەوە بگرە تا کرێی گواستنەوە و هەزینەی قوتابخانەی منداڵان بەردەوام لە بەرزبوونەوەدایە. لە ئاوا باردۆخێکدا، تەنانەت دنگۆیەکی بە چرپەی بەرزبوونەوەی نرخی بەنزین، بەر لە دەرچوونی هەر بڕیارێکی فەرمی، بەشێوەیەکی گشتی بووەتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان و گوشارێکی هەرچی زیاتری خستۆتە سەر ژیانی ملیۆنان بنەماڵە. بەڵام ئەم دۆخە بەڕێکەوت نییە. هۆکار و سەبەبکاری هەموو بابەتانەی کە ئەمڕۆ زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی ئێرانی خستۆتە ژێر گوشارێکی لەو شێوەیە، بریتییە لە سیاسەتەکانی ڕێژیمێکی گەندەڵ، سەرکوتگەر و دژە خەڵکی. ڕێژیمێکی نوقمی کۆمەڵێک قەیرانی جۆراوجۆر کە بارگرانی قەیرانەکانی خۆی دەخاتە سەرشانی جەماوەر لە ئاوا هەلومەرجێکدایە کە تەوەری سەرەکی ناڕەزایەتییەکان لەناوخۆی وڵات، بریتییە لە ویست و داواکاری ئابووری و بژێوی ژیان. ئەم ناڕەزایەتیانە لە هەناوی واقیعە تاڵەکانی ژیانی ڕۆژانەوە سەرچاوە دەگرن. ناڕەزایەتی کرێکاران بەرامبەر بە چەند مانگ وەدواکەوتنی حەقدەست، کۆبوونەوە و ناڕەزایەتی خانەنشینان لەپێناو مووچەیەکی کەمی کە چەند قات لە خوار هێڵی هەژارییەوەیە، ناڕەزایەتی موعەلیمان بەرامبەر بە کەمی حەقدەست و خراپی دۆخی قوتابخانەکان، ناڵە و هاواری ئەو بنەماڵانەی کە چیتر توانای دابینکردنی کرێ و خەرجییە سەرەکییەکانی ژیانیان نەماوە. لە هەلومەرجی ئێستادا کە چینی کرێکار و نەوەی داهاتووی ئەو چینە لە مەترسی لەناوچوون دایە، تەنیا بە وەڕێخستنی بزووتنەوەیەکی داواکاری تەوەری کە ڕووخانی ڕژێمی لە ئاسۆدابێت، دەتوانرێت بەر بەم لەناوچوونە بگیرێت. ئەم ویست و داواکاریانە مافی بێ ئەملا ئەولای کرێکاران، موعەلیمان، بێکاران، خانەنشینان و سەرجەم زەحمەتکێشانە بۆ دیفاع لە نان، شوێنی نیشتەجێبوون، پەروەردە، بێهداشت و کەرامەتی مرۆڤایەتی. کرێکاران خوازیاری حەقدەستی گونجاو لەگەڵ تێچووی واقیعیی ژیان، شوێنی نیشتەجێبوونی گونجاو، خوێندنی بێبەرامبەر و خاوەن کوالیتی بۆ هەموو منداڵان و هەروەها دەستڕاگەیشتنی یەکسان بە خزمەتگوزاریی تەندروستی. بۆ پێکهێنانی بزووتنەوەیەکی بەهێزی داواکاری تەوەر، پێویستە ئەو خەبات و ناڕەزایەتیانەی ئێستا لەم پەرشوبڵاوییە ڕزگاری بێت. پێویستە ویست و داواکاری بەپەلەی چینی کرێکار ببێتە پرسێکی سەرتاسەری سەرجەم کرێکارانی لەسەرکار و بێکار، ژن و پیاو، لێهاتوو و نالێهاتوو. بەدیهێنانی ئەم بابەتەش پەیوەستە بە پەرەسەندنی پەیوەندییەکانی نێوان هەڵسووڕاوانی کرێکاری لە ئاستی سەرتاسەریدا. بە بەشداری و حزووری چالاکانە لە خەبات و ناڕەزایەتییەکانی ئێستای کرێکاران، بە بەهێزکردنی هەستی هاوپشتی چینایەتی لەم خەباتانە و گەیشتن بە ئاسۆیەکی ڕوون، دەتوانرێت هاوسەنگی هێزی چینایەتی بە قازانجی کرێکاران بگۆڕدرێت و بزووتنەوەی کرێکاری بۆ خۆڕێکخستن و گەیشتن بە ویست و داواکارییەکانی جێگە و پێگەیەکی گونجاوتر بەدەست بهێنێت

***

# پەیامی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە بۆنەی ١٦ای سەرماوەز، ڕۆژی خوێندکار

یەکشەممە، ١٦ی سەرماوەز ڕۆژی خوێندکارە. ٧٢ ساڵ بەسەر ئەو ڕۆژەدا تێدەپەڕێت کە هێزەکانی گاردی شاهەنشاهی ڕژانە ناو زانکۆی تاران بەمەبەستی سەرکوتکردنی خۆپیشاندانی ئاشتیانەی خوێندکاران لە دژی کودەتاکەی محەمەد ڕەزاشا و ڕێکخراوە سیخوڕییەکانی ڕۆژئاوا. هێرشی چەکدارانەی بەکرێگیراوانی شا، بۆ سەر ئەو خوێندکارانەی کە تاکە چەکی دەستیان بریتی بوو لە مستی گرێدراو و هاواری ئازادی، بووە هۆی گیانلەدەستدانی سێ خوێندکار بە ناوەکانی مستەفا بزورگنیا، ئەحمەد قەندچی و شەریعەت ڕەزەوی، لە بەشی ئەندازیاری زانکۆی تاران. لەو ڕۆژەوە تا ئێستا ١٦ی سەرماوەز بووەتە هێمای بزووتنەوەی خوێندکاری ئێران. لە ساڵەکانی ١٣٢٠ بۆ ١٣٣٢ زانکۆ بوو بە یەکێک لە سەنگەرە سەرەکییەکانی خەبات لە دژی دەسەڵاتی پاشایەتیی دژە خەڵکیی پەهلەوی و کودەتای ٢٨ی پووشپەڕ. بە درێژایی تەواوی ساڵەکانی دەیەی چل و پەنجای هەتاویی، بزووتنەوەی خوێندکاریی بەستێنی سەرەکی شکڵگرتنی ڕەوتە چەپ و ڕادیکاڵەکانی لایەنگری سۆسیالیزم بووە. زۆرێک لە ڕێبەرانی حیزب و ڕێکخراوە خەباتکار و کۆمۆنیستەکان لە هەناوی زانکۆکانەوە سەریان هەڵدا. خۆڕاگرترین و بە جەربەزەترین زیندانیانی سیاسی لە هەردوو ڕژیمی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامیدا، لەڕیزی پێشەوەدا، بریتی بوون لە خوێندکاران و ڕۆشنبیرانی شۆڕشگێڕ. دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٣٥٧، ڕێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی ئیسلامی، هاوشێوەی ڕژێمی شا، لە زانکۆکانەوە هێرشی خۆی بۆ سەر شۆڕش دەستپێکرد. هێرشی لات و چەقۆکێشانی "حیزبوڵڵا" و دەرکردنی هەزاران خوێندکار و سەدان مامۆستای خەباتکار، داخستنی زانکۆکان بە بیانووی "شۆڕشی فەرهەنگی" و پلانی کۆنەپەرستانەی "یەکگرتوویی حەوزە و زانکۆکان"، سەرکوتکردن و "پاکسازیکردن"، هیچیان نەیانتوانی ئەم سەنگەرە هەمیشە زیندووەی خەبات و تێکۆشانە بۆ هەمیشە داگیر بکەن لە ئاخێزەکانی بەفرانباری ٩٦ و خەزەڵوەری ٩٨دا، خوێندکاران شانبەشانی کرێکاران، بێکاران و پەراوێزنشینان و گەنجانی هەژار ڕژانە سەر شەقامەکان و دژی تەواوەتی سیستەمی سەرمایەداری ئیسلامی و سەرجەم باڵەکانی ناو دەسەڵات دروشمیان وتەوە و یەکێک لە ڕادیکاڵترین دروشمەکانی ئەم قۆناغە واتە: "ئیسلاح تەڵەب، ئوسوولگەرا، ئیتر تەواوە ماجەرا "یان هێنایە ئاراوە. ئەم دروشمە ڕاگەیاندنی کۆتایی هاتنی وەهم و خۆشباوەڕی بە هەردوو باڵی ناو دەسەڵات و جەختکردنەوە لەسەر پێویستی گۆڕانکاری ڕیشەیی و شۆڕشگێڕانە بوو. گۆڕانکارییەکی کە نە لە ڕێگەی سندوقە ئەندازیاریکراوەکانەوە، بەڵکوو لە هەناوی خەباتێکی جەماوەری و ڕێکخراوەوە پێکدێت. ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی "ژن، ژیان، ئازادی"، لاپەڕەیەکی نوێی لە مێژووی خەبات و تێکۆشانی خەڵکی ئێران هەڵداوەتەوە. ئاخێزێکی کە پەیوەندییە پیاوسالاری، چەوسێنەر، کۆنەپەرستانە و ستەمکارییەکانی چینی دەسەڵاتداری لەگەڵ ئاڵەنگاری بەرەوڕوو کردووەتەوە و سەرەنجام حیجابی زۆرەملێ، ئەم هێمای کۆیلایەتی و سووکایەتیکردنەی بە ژنان، توورهەڵدایە ناو زبڵدانی مێژووەوە. لەم ڕاپەڕینە شۆڕشگێڕانەدا بزووتنەوەی خوێندکاری یەکێک بوو لە پایە سەرەکییەکانی بەردەوامبوونی ئەو خەباتە. زانکۆکان بوونە گۆڕەپانی مانگرتن و خۆپیشاندان و نارەزایەتی لە دژی حیجابی زۆرەملێ، سەرکوت، هەژاری، هەڵاواردن و ئاپارتایدی جێندەری. خوێندکاران، شانبەشانی ژنان، کرێکاران، موعەلیمان، خانەنشینان، خوێندکاران و خەڵکی تێکۆشەر و خەباتکار لە سەرانسەری ئێران، خۆیان لە ڕیزی پێشەوەی ئەم شۆڕشەدا دیتەوە ئەمڕۆ بزووتنەوەی خوێندکاریی بۆ پێکهێنانی گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لە دۆخی هەنووکەیی و ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی ستەم و سەرەڕۆیی دەسەڵاتدار لە ئێران، لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستی بە هاتنی بەهێزی بزووتنەوەی کرێکاریی بۆ ناو گۆڕەپانی چالاکی شۆڕش هەیە. ئەم دوو بزووتنەوەیە، بە هاوئاهەنگی لەگەڵ یەکتر، بە هەوڵدان بۆ کاری ڕێکخستن و بوونی ڕێبەرایەتی و سیاسەتێکی چینایەتی، بە ڕوانگە و ستراتیژی ڕادیکاڵ و شۆڕشگێڕانە، دەتوانن بزووتنەوە خەباتکار و ڕەسەنە کۆمەڵایەتییەکانی تر ڕێکبخەن و یەگرتووانە ڕێگا بۆ ڕووخانی هەرچی خێراتری کۆماری ئیسلامی و بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی سۆسیالیستی خۆش بکەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە میلیتاریزەکردن و ئەمنییەتی کردنی زانکۆکان، هەوڵ دەدات زانکۆ لە ڕۆڵی مێژوویی خۆی دابڕێت. بەڵام واقیعییەت ئەوەیە کە لە هەر شوێنێک کرێکار و زەحمەتکێش و ژنانی تێکۆشەر و لاوانی نارازی هەبن، ئەو شوێنە مەیدانی ڕاستەقینەی زانکۆیە. ئەرکی مێژوویی بزووتنەوەی خوێندکاریی ئەمڕۆ، هەمان ئەو ئەرکەیە کە تێکۆشەرانی خوێندکاری لە دەیان ساڵی ڕابردوودا لە ئەستۆیان بووە، لەوانە بوونی پەیوەندییەکی وشیارانە و ڕێکخراو لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری، ژنان، نەتەوە ستەملێکراوەکان، موعەلیمان، قوتابیان و پەراوێزنشینان. وێڕای بەرزڕاگرتنی یاد و بیرەوەری ئەو خوێندکارانەی لە ١٦ی سەرماوەزی ١٣٣٢دا گیانیانبەختکرد، درووددەنێرین بۆ خەبات و فیداکاریی سەرجەم هەڵسووڕاوان و خەباتکارانی شۆڕشگێڕ و کۆمۆنیستی بزووتنەوەی خوێندکاریی ئێران و ڕێز دەگرین لە هەوڵ و گیانبازییان خوێندکارانی خەباتکار و شۆڕشگێڕ بزووتنەوەی خوێندکاریی ئەمڕۆ، تەنیا کاتێک دەتوانێت بە ئەرکە مێژووییەکەی وەفادار بمێنێتەوە کە هاوکات پابەند بێت بە دوو ئاست لە خەبات: یەکەم، ئامانجە گشتی و کۆمەڵایەتییەکان شانبەشانی چینی کرێکار، ژنان، بێبەشان و ستەملێکراوان. دووەمیش، بەدواداچوون بۆ ویست و داواکارییە پیشەیی و ئەکادیمییەکانی خۆی. لە بەستێنی یەکەمدا، زانکۆ و خوێندکار ناتوانن بەرامبەر بە کۆمەڵگای دەوروبەریان بێ هەڵوێست و کەمتەرخەم بن. خوێندکار لە جەرگەی کۆمەڵگایەکدا وەستاوە کە زۆربەی هەرەزۆری خەڵک لەگەڵ هەژاری، بێکاری، نائەمنی، هەڵاواردنی ڕەگەزی، نەتەوەیی و چینایەتی بەرەوڕوون. سەرمایەداری ڕانتی و نیزامی و ئایینی، بەرهەمی کار و ژیانی ملیۆنان کرێکار و زەحمەتکێش بە تاڵان دەبات. هەر دەنگێکی نارەزایەتی ڕێکخراو بە سەرکوت و زیندان و کوشتن وەڵام دەداتەوە. لە بەستێنی دووەمدا، خەبات لەدژی سیاسەتی تایبەتکردنی زانکۆ و بە کاڵاکردنی زانست و کۆتاییهێنان بە کەشوهەوای پۆلیسی لە زانکۆکان. هەر لاوێک، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەز، نەتەوە، ئایین، یان چین و توێژێکی کۆمەڵایەتی، دەبێ لە مافی دەستراگەیشتن بە خوێندنی باڵا بەهرەمەند بێت. پێویستە توێژینەوە و زانیاری لەپێناو چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتییەکان بەکاربهێنرێت نەک کەڵەکەکردنی سەرمایە. پەیوەندی نێوان ئامانجە گشتی و کۆمەڵایەتییەکان لەوانە (ڕووخاندنی ستەم و سەرەڕۆیی، خەبات لەدژی سەرمایەداری، یەکسانی جێندەری و نەتەوەیی، ئازادییە دیموکراتیکەکان) و داواکارییە پیشەیی و ئەکادیمی، کاکڵی سەرەکی بزووتنەوەیەکی خوێندکاریی ڕادیکاڵ و سۆسیالیستی و ئازادیخواز پێکدەهێنێت. هاتنی ١٦ی سەرماوەز ڕۆژی خوێندکار بە سەرجەم خوێندکارانی خەباتکار، ئازادیخواز و یەکسانیخواز، پیرۆزبایی دەڵێین و دڵنیاین کە بزووتنەوەی خوێندکاریی، تا بە ئامانج گەیشتنی شۆڕشی ڕزگاریبەخشی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران، وەک هەمیشە پێشەنگ و پێشرەو دەمێنێتەوە

**کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

**١٤ی سەرماوەزی ١٤٠٤**

****




لە سەروبەندی بیست و پێنجەمی نوامبر ڕۆژی جیهانی خەبات لەدژی توندوتیژییەکداین کە ڕۆژانە بە ملیۆنان ژن لە سەرانسەری جیهان لەگەڵی بەرەوڕوو دەبنەوە. ڕۆژێکی کە بە یادی خوشکانی میرابێل، ئازادیخوازانی کۆماری دۆمینیکێن کە لەپێناو خەبات لەدژی ستەم و سەرەڕۆیی دا گیانیانبەختکرد ناوەزەد کراوە، بانگەوازێکی جیهانییە بۆ کۆتاییهێنان بە توندوتیژیی پێکهاتەیی و یاسایی و کولتووری دژی ژنان سەرەڕای بەڵێنییە نێودەوڵەتییەکان و بوونی یاسا و ڕێسای قەدەغەکردنی توندوتیژی لە زۆرێک لە وڵاتەکان، ئامارەکان هێشتا جێگای تێڕامان و هەژێنەرن. بەشێکی بەرچاو لە ژنان لە سەرانسەری جیهان هەموو جۆرەکانی توندوتیژی جەستەیی، دەروونی، ئابووری و ڕەگەزییان ئەزموون کردووە. ژنان لە زۆر شوێنی جیهان هەروا لەژێر گوشاری داب و نەریتی پیاوسالاری، بەربەست و ئاڵەنگاریی یاسایی، هەڵاواردنی ئابووری و بێبەشبوون لە مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤدا ژیان بەسەردەبەن ڕۆژی جیهانی خەبات بۆ نەهێشتنی توندوتیژی دژ بە ژنان دەرفەتێکە بۆ لەقاودانی ئەو سیستەمە دەسەڵاتدارەی کە لەناو بنەماڵەوە بگرە تا دەگاتە شەقام و شوێنە گشتییەکان، لە داب و نەریتەوە تا یاسا و ڕێساکان و لە ناوەندەکانی کارەوە تا ناو زیندانەکان، جەستە و ژیانی ژنان کۆنترۆڵ و سەرکوت دەکات. واقیعییەت ئەوەیە کە توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندییە خاوەندارێتییەکان، کاری بەکرێ و بنەماڵە پیاوسالارییەکان، کە هەموو ئەمانە لە پێکهاتەی دەوڵەت و یاسا و ئایین و ئابووریدا جێگیر کراون. بەبێ بە ئامانج گرتن و ڕەخنەی بنەڕەتی لەم پەیوەندییانە، هیچ ڕیفۆرم و چاکسازییەکی یاسایی بەردەوام ناتوانێت ئەم توندوتیژییە ڕیشەکێش بکات. سیستەمی سەرمایەداری، ژنان وەک کرێکارانی هەرزان لەناو کارگەکان، پیشە نافەرمییەکان، خزمەتگوزارییەکان، پەرستاری و هیتر... و هاوکات وەک کرێکاری ناوماڵ بەبێ حەقدەست بەکار دەهێنێت و لەم ڕێگایەوە هێزی کاری پیاوانیش بەرهەم دەهێنێتەوە. بەڵام ژنانی جیهان لەبەرامبەر ئەو چارەنووسەی خۆیاندا تەسلیم نەبوون. لە سەرانسەری جیهان، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بگرە تا ئەمریکای لاتین و لە ئەفریقاوە تا ئاسیا، ژنان لە ڕیزی پێشەوەی خەبات بۆ دەستەبەرکردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتیدا ڕۆڵی پێشەنگایەتی دەگێڕن. حزووری ئەوان لە ئاخێزە جەماوەرییەکاندا، سنوورە نەتەوەیی و ئایینییەکانیان تێپەڕاندووە و ئەمەش هیوایەکی نوێی بۆ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە پەیوەندییەکانی دەسەڵاتدا دروستکردووە. ئەم خەبات و تێکۆشانە دەریدەخات کە ڕزگاری ژنان، تەنیا لە ڕێگەی ڕیفۆرم و چاکسازی ڕووکەشەوە دەستەبەر نابێت. پێویستە ڕیشە و سەرچاوەی ئابووری و کۆمەڵایەتی توندوتیژی بناسرێت و لەدژی خەبات بکرێت. نایەکسانی ئابووری، هەژاری، بێبەشبوون لە پەروەردە و تەندروستی و هەروەها سیستەمێکی کۆمەڵایەتی کە لەسەر بنەمای قازانج و چەوساندنەوە دامەزراوە، سەرجەمیان لە بەردەوامبوونی توندوتیژی دژی ژناندا ڕۆڵ دەبینن بەڵام ئەگەر توندوتیژی دژ بە ژنان بەشێکی دانەبڕاوە لە سیستەمی سەرمایەداریی پیاوسالار، هەر ئەو پەیوەندییانە لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ئایینی کۆماری ئیسلامیدا گەیشتوونەتە لوتکە. لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی ئیسلامیدا، جۆرەها توندوتیژی دژ بە ژنان ئاوێتەی یەکتر کراون و چڕتر بوونەتەوە: لەوانە توندوتیژی جەستەیی و جنسیی، توندوتیژیی دەروونی، زارەکی و سۆزداری، توندوتیژی ئابووری وەک (وابەستە هێشتنەوەی ژنان بە داهاتی پیاوان، هەڵاواردن لە حەقدەست و دامەزراندن)، توندوتیژی یاسایی لەوانە (یاساکانی هەڵاواردن سەبارەت بە میرات، جیابوونەوە، سەرپەرشتیکردن، جل و بەرگ، مافی سەفەرکردن و مافی کارکردن)، توندوتیژی سیاسی وەک (سەرکوتکردنی ژنانی نارازی، زیندانیکردن، شەلاق لێدان، ئەشکەنجە و ئێعدام). بەڵام بەم حاڵەشەوە ژنانی ئێران لە ئاستی ئەم دۆخەدا بەچۆکدا نەهاتوون. لەماوەی ٤٧ ساڵ دەسەڵاتداریتی کۆماری ئیسلامیدا، ژنان پێشەنگ و سەرقافڵەی زۆرێک لە بزووتنەوەکان بوون: لە خەبات و نارەزایەتییەکانی ساڵی ١٣٥٧ دژ بە حیجابی ناچارییەوە بگرە، تا دەگاتە بزووتنەوە خوێندکارییەکان، بزووتنەوەی موعەلیمان و پەرستاران، شایەتی خەبات و خۆڕاگری ژنان لە دژی ڕژێمێکین کە ژێردەستەڕاگرتنی ژن و پیاوسالاریی و شەریعەت، لە زومرەی کۆڵەکە سەرەکییە ئید ئۆ لۆ ژ یکییە کا نی دەسەڵاتەکەی بووە. ژنانی ئێران لەماوەی دەیان ساڵی ڕابردوودا بە بەشداری چالاکانە لە بوارەکانی پەروەردە، کار، هونەر و خەباتی کۆمەڵایەتیدا، هەموو سنوورە سەپێنراوەکانیان تووشی ئاڵەنگاری کردووە. حزووری بەهێز و بەرچاوی ژنان لە ئاخێزی "ژن، ژیان، ئازادی"دا، نیشانەی ئیرادەیەکی شێلگیر و لێبڕاوانەیە بۆ پێکهێنانی گۆڕانکاری و ڕزگاربوون لەو کۆت و بەندانەی ئێستا. ژنانی ئێران لەم ئاخێزە شکۆمەند و بوێرانەی خۆیاندا یەکێک لە پایە ئایدۆلۆژییەکانی کۆماری ئیسلامییان دارماند و حیجابی زۆرەملێ، ئەم هێمای کۆیلایەتی ژنانیان، تووڕهەڵدایە ناو زبڵدانی مێژووەوە. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانەش پێویستە جەخت لەسەر ئەوە بکرێتەوە کە تا ئەو کاتەی دەوڵەتێکی ئایینی سەرکوتگەر لەسەرکار بێت، تا ئەو کاتەی سەرچاوەی یاسا شەریعەت بێت، تا ئەو کاتەی پەیوەندی کاری کرێگرتە و چەوساندنەوەی چینایەتی وەک خۆی بمێنێتەوە، توندوتیژی لەدژی ژنان تەنها فۆرم دەگۆڕێت، بەڵام بنەبڕ نابێت

**نەمان بۆ توندوتیژی دژی ژنان**
**بڕووخێت ڕژیمی کۆماری ئیسلامی**
**بژی ئازادی، بژی سۆسیالیزم**
**کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
**یەکەمی سەرماوەزی ١٤٠٤**
**٢٢ی نوامبری ٢٠٢٥**

****

پێشڕەو
ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە
ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
ئێدیتۆر:
ئیبراهیم علیزادە

نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە هەرێمی کوردستان
Add:
Sulaymaniyeh - Rizgari st
Tel: 00964-7701567854
نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات:
Tel: 0046-738041917

تەلەڤزیۆنی ئاسمانی کۆمەڵە
Yahsat 1A 52.5E
Ferq: 12149
SymbolRate: 27500
Fec : Auto
www.tvkomala.com

ڕادیۆکان
بەرنامەکانی ڕادیۆ دەنگی شۆڕشی ئێران (ڕادیۆ کۆمەڵە) و دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە سەر ماهوارەی یاهست یاش بڵاوبوونەوی بەرنامەکانی تلەڤزیۆنی کۆمەڵە بڵاو دەبێتەوە.

# وتەیەک بە بۆنەی ڕۆژی خەبات لەدژی سانسۆر و ساڵڕۆژی قەتڵە زنجیرەییەکان

ئەم ڕۆژانە ساڵڕۆژی زنجیرەیەک تیرۆری سیاسییە لە ئێران کە بە قەتڵە زنجیرەییەکان ناسراوە. هەر بەم بۆنەیەوە کانوونی نووسەرانی ئێران ساڵی ١٣٨٧ ١٣ی سەرماوەز ڕۆژی تیرۆری نووسەر و تێکۆشەری بوێر محەممەد موختاری وەک ڕۆژی خەبات لەدژی سانسۆر لە ئێران ناساند. لە دەیەی حەفتادا و لە ئاکامی ئەو هەلومەرجە نوێیەی کە لە دوای کۆتاییهاتنی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق هاتبووە ئاراوە، فەزای فەرهەنگی و چاپەمەنی لە ئێران هەندێک کرانەوەی بەسەردا هات و نووسەران و چالاکانی مەدەنی خەریکی خۆڕێکخستنەوە بوون. ئەم ڕەوتە بۆ بەشە توندڕەو و ئەمنییەتییەکان مەترسیدار بوو. ڕۆشنبیرانی وەک موختاری و پویەندە بەهۆی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ سانسۆر، کرانە ئامانج. پەیامی ئەو کوشتنانە ئەوە بوو کە هەر چەشنە چالاکییەکی فەرهەنگی سەربەخۆ دەتوانێت مەترسی گیانیی بەدواوە بێت. کوشتنی داریوش و پەروانە فروهەر نیشانی دا کە شکڵپێدان بە ئاراستەی سیاسی سەربەخۆ تەحەمول ناکرێت. قەتڵە زنجیرەییەکان پڕۆژەیەکی ئەمنی بۆ لەناوبردنی بیر جیاوازان، یەکێکە لە گرنگترین و جێگەی مشتومڕترین ڕووداوە سیاسی و ئەمنییەکانی کۆماری ئیسلامی. ئەم قەتڵانە کە بە تایبەت ساڵی ١٣٧٧ لە میدیاکاندا ئاشکرا بوون و بڵاوکرانەوە، دەرئەنجامی پرۆسەیەکی ڕێکخراوەی لەناوبردنی جەستەیی ڕۆشنبیران و نووسەران و چالاکانی سیاسی و ڕەخنەگرانی فەرهەنگی و هەروەها نەیارانی سیاسی بوو. هەرچەندە حکوومەت ئیدیعای ئەوەی کرد کە ئەم کردەوانە "خۆڕسک" و ئاکامی هەڵسوکەوتی چەند ماموورێک بووە، بەڵام بەڵگە مێژووییەکان، لێدوانی بەرپرسانی پێشووتر، پێکهاتە ئەمنییەکان و شێوازی کوشتنەکان نیشانی دەدەن کە پڕۆژەیەکی بەربڵاوتر و بەرنامە بۆ داڕێژراو لە ئارادا بووە. پلانەکان چەند ساڵە و سیستماتیک و ئامانجدار بوون. قوربانییەکان سەر بە بوارە سیاسی و هونەری و ئەدەبییە تەواو جیاوازەکان بوون. بەڕێوەبەرانی ئەو پلانە لە زۆر ئیمکاناتی حکوومەتی لەوانە شوێنی ئەمن، ئۆتۆمبێلی بێ تابلۆ و ئامێری شوێنپێ هەڵگر بەهرەمەند بوون. مەئموورانی جێبەجێکاری ئەو پلانە، لە ئەندامی باڵای وەزارەتی ئیتلاعات بوون. سەعید ئیمامی، جێگری ئەمنییەتی ئەوکاتی وەزارەتی ئیتلاعات، لەو پێوەندییەدا، بە پلاندانەر و ئاراستەکاری بەشێک لەو کوشتنانە تۆمەتبار کرا. مەرگی گوماناوی ناوبراو لەناو زیندان ساڵی (١٣٧٨)، و "ئەوەی کە گۆیا لەناو حەمامدا خۆی کوشتووە"، گومانەکانی سەبارەت بەو دۆسیەیە پەرەپێدا و لەو کاتەوە ئیتر گێڕانەوە فەرمییەکان لەو ئاستە تێپەڕ نەبوو قەتڵە زنجیرەییەکان وەک پڕۆژەیەکی ئەندازیاریکراو، بەشێک بوو لە سیاسەتێکی ئەمنی بەربڵاوتر. ئامانجی سەرەکییان بریتی بوو لە کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕۆشنبیرانی سەربەخۆ. لە ڕاستیدا ئەو کوشتنانە هەوڵێک بوون بۆ کۆنترۆڵکردنی داهاتووی فەرهەنگی ئێران، هەوڵێک کە بە خۆڕاگریی نووسەران، میدیاکان و بیروڕای گشتی پووچەڵکرایەوە، بەڵام برینەکەی هەروا بەسۆیە. پڕۆسەی بەڕێوەچوونی کوشتنەکان، شێوازی هاوبەشیان بوو، وەک ڕفاندن، خنکاندن یان بەکارهێنانی چەقۆ، فڕێدانیان لە چۆڵگە و بیابان یان جۆرێک نیشاندانیان وەک ئەوەی کە تووشی "جەڵتە" بووبێتن. ئەم ڕێوشوێن و ئیکاناتە تەنیا بە پێکهاتەیەکی ڕێکخراو مومکین دەبوو. بەیاننامەکەی وەزارەتی ئیتلاعات ساڵی ٧٨ بەرپرسیارێتیی ئەو ڕووداوانەی گەڕاندەوە بۆ "کەسانی خۆسەر"، بەڵام لێکۆڵینەوە سەربەخۆکان دەریانخست کە ئەم کردەوانە زۆر ئەولاترن لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی چەند کەسێک. مێژووی سانسۆری ڕۆژنامەوانی و گرتن و زیندانیکردنی ڕۆژنامەنووسان لە ئێران کە لە سەردەمی پەهلەویدا باو بوو، لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا دەگەڕێتەوە بۆ مانگەکانی یەکەمی دوای ڕاپەڕینی ڕێبەندانی ١٣٥٧ و ڕووخانی ڕژێمی شا. لەو کاتەدا خومەینی ڕاشکاوانە فەرمانی شکاندنی قەڵەم و سووتاندنی ڕۆژنامە و کتێب و بڵاوکراوە نائایینییەکانی دەرکرد و دەستبەسەرکردن و زیندانیکردنی نووسەران و ڕۆژنامەنووسان لە ئاستێکی بەربڵاودا دەستی پێکرد. ڕێژیمی ئیسلامی بە هێرشکردنە سەر ئازادیی زانیاری، پەلامار بۆ سەر زانکۆکان و هێرشکردنە سەر کوردستانی شۆڕشگێڕ، ڕێوشوێنەکانی بۆ سەرکوتکردنی شۆڕشی ئێران دەستپێکرد و لە ڕاستیدا تەواوکردنی ئەو کارەی کە ڕژێمی شا نەیتوانیبوو بە ئەنجامی بگەیەنێت. لەو کاتەوە لە ئێران، ڕۆژنامەنووسان جگە لەوەی بە کردەوە دەکەونە دۆخێکەوە کە ناچارن خۆیان سانسۆر بکەن، لە ڕێگەی چەندین کەناڵیشەوە بە فەرمی پێیان دەوترێت کە چی بڵێن، چی نەڵێن، چی بنووسن و چی نەنووسن. کۆماری ئیسلامی تەنانەت ئەو ڕۆژنامانەش کە هەرچەندە لە چوارچێوەی پاراستنی ڕێژیمی ئیسلامیدان بەڵام بە ستراتیژێکی جیاوازترەوە بڵاودەکرێنەوە تەحەمول ناکات. ئەم ڕژێمە ڕۆژنامەنووسانی دەرەکیش تەحەمول ناکات و بە تۆمەت و پەروەندەسازی ڕێگری دەکات لە هاتنیان بۆ ئێران، لە ئەگەری هاتنیشیان، هەوڵ دەدات ناچاریان بکات خۆیان سانسۆر بکەن. زۆرن ئەو ڕۆژنامەنووسە دەرەکیانەی کە بە سیخوڕی و دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆ و هاندانی خەڵک لەدژی دەسەڵات و گەندەڵی ئەخلاقی تۆمەتبار کراون. لە چەند ساڵی ڕابردوودا ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆژنامەنووسان بە مەبەستی وەرگرتنی ئیمتیاز لە دەوڵەتەکانیان بە بارمتە گیراون و بەبێ هیچ هۆکارێک چەندین ساڵ لە تەمەنیان لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا بەسەر بردووە لە کۆماری ئیسلامیدا هەر چەشنە لەقاودان و ئاشکراکردنێکی دزی بەرپرسانی باڵای حکوومەت و بەتایبەت ئاخووند و بەرپرسانی ئەمنی و نیزامی، تاوانە. پیشاندانی دیمەنی تاوانەکانی هێزەکانی ئینتیزامی و سپای پاسداران و بەسیج، تاوانە. ئاشکراکردنی گەندەڵیی ئەخلاقی مەلا ئایینییەکان بە پێشێلکردنی پیرۆزییەکانی ئیسلام و ڕووماڵکردنی نارەزایەتی و خەباتی جەماوەریش بە تاوان دادەنرێت. نووسین لەسەر بابەتی بێکاری و هەژاری، هاوواتایە لەگەڵ هەوڵدان بۆ تێکدانی نەزمی گشتی. قسەکردن لەسەر ستەم لەدژی نەتەوەکانی نیشتەجێی ئێران، "جیاخوازی"یە. پیشاندانی وێنەی ژنانی بێ حیجاب و دیمەنە وەرزشییەکانی ژنان، واتا دەستدرێژی بۆسەر ئابڕوو و حەیای گشتی و "سووکایەتیکردن بە ڕێبەری" و "هەوڵدان لە دژی ئاسایشی نەتەوەیی". ئەڵبەتە هەرکام لەو بابەتانە بە پێی یاساکانی کۆماری ئیسلامی سزا لەخۆ دەگرن و کەسانی بەناو خەتاکار دەبێ دەستبەسەر و ئەشکەنجە بکرێن، دەبێ لە زۆر مافی کۆمەڵایەتیی بێبەش بکرێن، بێکار بکرێن، چیتر مافی ڕۆژنامەنووسییان نەبێت و تەنانەت ئیمتیازی ڕۆژنامەکەشیان هەڵبوەشێتەوە، و هەموو ئەم بەناو "تاوانانە"ش زیندان و شەلاق و ئەشکەنجە و ئێعدامیان بەدواوەیە. واقعییەت ئەوەیە کە سەرەڕای هەموو ئەم فشارانە لەسەر چاپەمەنی و میدیا، ئەمڕۆ پرسی وشیارکردنەوە و لەقاودانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و سیاسەتەکانی، بە شێوەی جۆراوجۆر لە کۆمەڵگادا بەردەوامە و ڕێژیم نەیتوانیوە بە هەڕەشە و ئەشکەنجە و زیندان ڕێگری بکات لە بڵاوبوونەوەی هەواڵەکان سەبارەت بە تاوان و تاڵان و بڕۆ و کاری دزێو و بەردەوامی بەرپرسانی حکومەتەکەی و لە هەموو کاتێک زیاتر ڕیسوا بووە

****

## لاپەڕە فەرمیەکان لە سۆشیال میدیا

@Komalamedia

@Komala

## ماڵپەڕی تەلەڤزیۆنی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

Tvkomala.com

## ماڵپەڕی هەواڵنێری پەیام

Payaam.net

## ماڵپەڕە حیزبیەکان

Komalah.org

Cpiran.net

yadihawrean.com

دەورەی دووەهەم - ژمارە ٤٦٨ - سەرماوەزی ١٤٠٤- دسامبری ٢٠٢٥

پێشڕەو

# خەمۆکی و ناشادی لە ئێران ئاکامی بەردەوام مانەوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی

ئەو ئامارانەی لە ساڵانی ڕابردوودا سەبارەت بە تەندروستی دەروونی لە ئێران بڵاوکراوەتەوە، وێنەیەکی نیگەرانکەر لە پەرەسەندنی خەمۆکی لە کۆمەڵگادا نیشان دەدەن. بەگوێرەی ئەم توێژینەوەیە، ئێران ئەمڕۆ نەک هەر لەگەڵ قەیرانی ئابووری و سیاسی، بەڵکوو لەگەڵ قەیرانێکی قووڵی تەندروستی دەروونیش بەرەوڕووە، قەیرانێک کە تەنانەت ئامارە فەرمییەکانی حکوومەتیش ناتوانن نکوڵی لێبکەن. خەمۆکی و ناشادی لە ئێران دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی ئاوێتەبوونی هەژاری، سەرکوت، قەدەغەکردنی شادی و خۆشی و تێکشکاندنی کەرامەتی ئینسانییە. بەپێی ڕاپۆرتێک کە لە ڕۆژنامەی "تۆجارەت نیوز" چاپی تاراندا بڵاوکراوەتەوە، نزیکەی ٢٥ لەسەدی دانیشتووان بەدەست جۆرێک لە نەخۆشییەکانی دەروونییەوە، لەوانە (خەمۆکی، دڵەڕاوکێ، تێکچوونی ڕەفتار و هتد) دەناڵێنن، واتە لە هەر ٤ کەس لە خەڵکی ئێران، کەسێک گیرۆدەی یەکێک لەو نەخۆشیانەیە. ڕێژەی خەمۆکی جیهانی نزیکەی ٧ لەسەدە، بەو پێیە ڕێژەی خەمۆکی لە ئێران زیاتر لە ٣ هێندەی ستانداردی جیهانییە بە وتەی ئەو کارناسانەی کە ئەو ئامارانەیان ئامادە کردووە، "پەرەسەندنی کێشە ئابوورییەکان، بێکاری، نائەمنی کار و گوشارە کۆمەڵایەتییەکان" لە زومرەی گرنگترین هۆکارەکانی پەرەسەندنی نەخۆشییە دەروونییەکان لە ئێرانن. ئەم ڕەوتە تەنها مەترسی نییە بۆسەر تەندروستی تاک، بەڵکوو خەمۆکی چارەسەرنەکراو دەتوانێت ببێتە هۆی پەرەسەندنی توندوتیژی بنەماڵەیی، زیادبوونی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان و تەنانەت پەرەسەندنی هەستی توڕەیی و بێهیوایی لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی. لەمڕووەوە ئێمە تەنیا لەگەڵ زیانێکی تاکەکەسی بەرەوڕوو نین، بەڵکوو لەبەردەم زنجیرەیەک قەیرانی کۆمەڵایەتیدایین. یەکەم هۆکار و گرنگترین بزوێنەری خەمۆکی، بریتییە لە گوشارە ئابوورییەکانی وەک بێکاری، گرێبەستی کاتی، سپی ئیمزا و پەیمانکاریی. زیاتر لە ٨٠ لەسەدی کرێکارانی ئێران بە گرێبەستی کاتی، سپی ئیمزا، یان لە ڕێگەی شیرکەتە پەیمانکارییەکانەوە کار دەکەن. لە ئاوا دۆخێکدا، یەکەم ڕۆژی بێکاری بۆ بنەماڵەیەکی کرێکاریی، واتا کتوپڕ کەوتنە ژێر هێڵی هەژاری موتڵەق، سەرەتای زنجیرەیەک کارەسات و مەینەتی، دڵەڕاوکێی بەردەوام، هەستکردن بە بێ بەهایی و بێ ناسنامەیی، هەستکردن بە شەرمەزاری بەهۆی بێتوانایی لە دابینکردنی پێداویستییەکانی بنەماڵە، تێکچوونی باری دەروونی و خەمۆکی. بێکاری لە ئێران واتا سەپاندنی مەرگی بەشێنەیی. دەرئەنجامە چاوەڕوانکراوەکەی بریتییە لە لەبەریەک ترازانی شیرازەی بنەماڵەکان، پەنابردنە بەر مادده هۆشبەرەکان، لەشفرۆشی ناچاری، زیادبوونی خۆکوشتن و پەرەسەندنی زیانە کۆمەڵایەتییەکانی تر. هەربۆیە خەمۆکی کاردانەوەیەکی نەخۆشی ئاسا نییە بەرامبەر بە بارودۆخێکی تەندروست؛ بەڵکوو وەڵامێکی لۆژیکی و ئینسانییە بە بارودۆخێکی لەڕادەبەدر نامرۆڤانە و ستەمکارانە ڕێژیمی ئیسلامی شادی و خۆشی خەڵک بە مەترسییەکی گەورە بۆسەر خۆی دەزانێت. ئەم دەسەڵاتە حەز بە ڕووخساری شادی خەڵک ناکات. خەمۆکی و کەسەر و نائومێدی مانەوەی کۆماری ئیسلامی گەرەنتی دەکات. کۆماری ئیسلامی خوازیاری کۆمەڵگایەکی ملکەچ و گوێڕایەڵە کە تیایدا مرۆڤەکان لە بەرامبەر ئەو چارەنووسەی کە ڕژیم بۆی دیاریکردوون، سەری تەسلیم دابنەوێنن. حکوومەتی ئیسلامی شادی و خۆشی بە هەڕەشەیەکی سیاسیی بۆ سەر خۆی دەزانێت. ڕژیم دەزانێ جەماوەرێکی کە پێدەکەنن، سەما دەکەن، لە شەقامەکاندا کۆدەبنەوە و چێژ لە ژیان وەردەگرن، یەکگرتووتر و چاونەترس ترن و کەمتر لە مردن دەترسن. کۆمەڵگای شاد و بەختەوەر کۆمەڵگایەکە کە تیایدا هیوا و پەیوەندی کۆمەڵایەتی بوونی هەبێت، کۆمەڵگایەکی لەو شێوەیە، ئەگەری نارەزایەتی و شۆڕش و گۆڕانکاریی تیایدا ئاسانترە. ماتەمینی ئامرازێکە بۆ گوێڕایەڵ بوون. بنەمای فەرهەنگی فەرمی بریتییە لە ماتەمین و فرمێسک، شیوەن و ڕۆڕۆ و سنگکوتان و ڕەشپۆشین. ئەم فەرهەنگە بەردەوام مرۆڤ لەگەڵ مردن، گوناە، عەزاب و خۆبەکەمزانین لەبەرامبەر هێزێکی پیرۆزدا بەرەوڕوو دەکاتەوە. مرۆڤی ماندوو، تاوانبار، ترسنۆک و خەمبار، گوێڕایەڵترە. هەموو ئەمانە ئەوە دەردەخەن کە خەمۆکی لە ئێراندا هەم بەرهەمی سیستەمی زاڵە و هەم لەلایەن ئەو سیستەمەوە سەرلەنوێ بەرهەم دەهێنرێتەوە. خەمۆکی لە ئاوا ئاستێکدا، گرنگی نەدان بە پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و بێ هیوایی و هەروەها ئەو تێڕوانینەی کە پێیوایە ئەو"چارەنووسە، چارەهەڵنەگرە پەرەپێدەدات و لەم ڕێگەیەوە تەمەنی ڕێژیم درێژ دەکاتەوە. لەم چوارچێوەیەدا دەبێ لەوە تێبگەین کە بۆچی زەماوەند و ڕێوڕەسمەکانی هاوسەرگیری بە بیانووی ڕەچاونەکردنی حیجاب و تێکەڵبوونی ژن و پیاو تێکدەدەن، کۆنسێرتەکان هەڵدەوەشێننەوە، گەنجەکان بە تاوانی سەماکردن دەستبەسەر و سووکایەتییان پێدەکەن. سەما بە "کردەوەیەکی حەرام" و "وروژێنەر" ناودەبەن و لە چوارچێوەی هونەری فەرمی، دووری دەخەنەوە. ئەمانە بە ڕێکەوت نین، بەڵکوو سیاسەتێکی وشیارانەیە بۆ بەرهەمهێنانی کۆمەڵگەیەکی خەمۆک، گوێڕایەڵ، ترسنۆک و گۆشەگیر بەڵام ئەوەندەی پەیوەندی بە پرۆسەی چارەسەرکردنی خەمۆکییەوە هەیە لەسەر ئاستی تاکەکەسی، دەستڕاگەیشتن بە چارەسەری دەروونی بۆ زۆر کەس ئیمتیازێکی داراییە نەک مافێکی تەندروستی، واتە تەندروستی دەروونی، لەبری ئەوەی مافێکی گشتگیر بێت، بووەتە کاڵایەک کە تەنها چین و توێژە دارا و دەوڵەمەندەکان دەتوانن لێی بەهرەمەند بن. خزمەتگوزارییەکانی چارەسەری دەروونی، بە تەواوی بیمە نایانگرێتەوە. چاوپێکەوتنی ڕاوێژکاری و دەوا و دەرمان زۆر گرانە، لە پارێزگا بێبەشەکان ژمارەی پزیشکانی پسپۆڕ زۆر کەمە، واتە تەنانەت ئەگەر ئیرادەیەکیش هەبێت بۆ سەردان و هەوڵی چارەسەر، بە کردەوە دەستڕاگەیشتن بەشێوەی فیزیکی ئیمکانی نییە. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانە، ئێمە ناتوانین وێنەی ڕاستەقینەی کۆمەڵگای ئێران ببینین، ئەگەر دیوەکەی تریشی واتە خۆڕاگریی لە بەرامبەر فەرهەنگی مردن و شادی و خۆشی وەک کردەیەکی سیاسی، لەبەرچاو نەگرین. سەرەڕای هەموو ئەو هەوڵانە بۆ ڕەشپۆشکردنی کۆمەڵگا، خەڵک لە پڕوپاگەندەی ماتەمینی و لەخۆدان بێزار بوون. هەر کە دەرفەتێکیان بۆ دەڕەخسێت، بە سەما و مۆسیقا و پێکەنین و شادی و خۆشی دەچنە شەڕی ئەم فەرهەنگە. مۆسیقا و هونەر و سەما لە حەشارگەکان هاتوونەتە دەرەوە، بە تایبەت لە دوای ئاخێزی "ژن، ژیان، ئازادی"، ئەم خۆڕاگرییە شێوازێکی بەربڵاوتر و بوێرانەتری لەخۆگرتووە. ڕێوڕەسمە شکۆدارەکانی نەورۆزی ئەمساڵ بۆ ماوەی دوو مانگ لە سەرجەم شار و گوندەکانی کوردستان، نموونەیەکی ئومێدبەخش بوون لەم خۆڕاگرییە کە مەبەست و ئامانجی سیاسییان لەپشت بوو. لێرەدا چیتر شادی تەنها لە پێناو باشترکردنی حاڵ و هەوای مرۆڤدا نییە، بەڵکوو شادی و خۆشی، سەما و گۆرانی و پێکەنین بوونەتە کردەوەیەکی وشیارانەی خۆڕاگریی کاتێک ژنان لەسەر شەقامەکان بە پرچی ڕوت و پەرێشانەوە سەما دەکەن، کاتێک خەڵک دوای سەرکەوتنی تیپێکی تۆپی پێ دەڕژێنە سەر شەقام، کاتێک گەنج و لاوەکان لە ماڵەوە، لە پارک، لەسەر شاخ و لە هەر شوێنێکی تر سەما دەکەن و گۆرانی دەڵێن، ئەمە تەنها چێژوەرگرتن نییە، بەڵکوو ڕاگەیاندنی ئەو ڕاستییە کە ئێمە ژیان هەڵدەبژێرین نەک فەرهەنگی مردن. هەربۆیە ڕێژیمی ئیسلامی شادی و خۆشی خەڵک بە مەترسییەکی گەورە بۆسەر خۆی دەزانێت. لە بەرامبەر فەرهەنگی کۆنەپەرستانەی زاڵ دا، فەرهەنگێکی پێشڕەوی خۆڕاگریی سەریهەڵداوە. کۆماری ئیسلامی لە شەڕ لەگەڵ شادی و خۆشی خەڵکدا سەری لە بەرد دراوە. ئەم سۆز و خۆشەویستییە بۆ ژیان، هەمان ئەو هێزەیە کە دەسەڵات لێی دەترسێت. لە ڕاستیدا هەر سەمایەک، هەر شادی و پێکەنینێکی بەکۆمەڵ، هەر مۆسیقایەکی بەرزی سەر شەقام، "نا"یێکی کاریگەرە بە سیستەمی پەرەپێدەری خەمۆکیی کۆماری ئیسلامی

****

# کانە خەڵوزەکانی ئێران، قەتڵگاکانی کار و کەڵەکەبوونی قازانج



ئێران یەکێکە لە وڵاتە مەترسیدارەکانی جیهان بۆ کرێکاران. بەپێی دوایین ئاماری فەرمی، تەنیا ساڵی ڕابردوو هەزار و ٩٠٠ کرێکار لە ڕووداوەکانی شوێنی کاردا گیانیان لەدەستداوە، ئامارێکی کە تەنانەت بە پێوەرە ئامارییە ناڕاست و سانسۆرکراوەکانی کۆماری ئیسلامیش قەبارەی کارەساتەکە ئاشکرا دەکات. ئەم ئامارانە وێنەیەکی ڕوونی واقیعێک نیشان دەدەن، ئەویش ئەوەیە کە لەم سیستەمەدا گیانی کرێکار هیچ بەهایەکی نییە، ئەوەی کە پیرۆزە بریتییە لە قازانج و کەڵەکەکردنی سەرمایە. لە نێو سەرجەم کەرتەکانی کاردا، کانەکان و بەتایبەتی کانە خەڵوزەکان، بە مانای ڕاستەقینەی وشە بوونەتە قەتڵگای کرێکاران. لە قووڵایی زەویدا، دوور لە چاوی کۆمەڵگا، ئەو کرێکارانەی کە مانگانە بە حەقدەستی پێنج هێندە لە خوار هێڵی هەژارییەوە کار دەکەن، هەموو ڕۆژێک لەگەڵ مەرگدا دەست و پەنجە نەرم دەکەن، بەبێ هیچ گەرەنتییەکی ئەمنییەتی، لەژێر هەژموونی خاوەنکار و دەوڵەتێکی کە ژیانیان بە هەزینەیەکی کەم بۆ بەردەوامبوونی قازانج دەزانێت ڕووداوەکانی شوێنی کار لە ئێران ئاکامی ڕووداو گەلێکی بەڕێکەوت نیین، بەڵکوو دەرئەنجامی سیستەمێکن کە هێزێکی کاری دەوێت تا ڕادەی مردن هەرزان بێت. تۆڕێک لەو بەڵێندەر و خاوەنکار و دامەزراوە دەوڵەتیانەی کە لەسەر بنەمای گرێبەستی هەرزان، لانیکەمی تێچوو بۆ دابینکردنی ئەمنییەت و بەدەستهێنانی زۆرترین دەرهێنان و قازانج ڕێکدەخەن. سیستەمێکی پشکنین و چاوەدێری کار کە لەبری سەرپەرشتی جێبەجێکردنی بنەماکانی ئەمنییەت، بە کردەوە بووەتە باسکی پاساوکاری خاوەنکار و لایەنگری سەرمایە. لە ئاوا پێکهاتەیەکدا، کەمتەرخەمی و گرنگی نەدانی حکوومەت، وەزارەتی کار، دامەزراوە چاوەدێرییەکان و خاوەنکاران بە گیانی کرێکاران بۆتە یاسایەکی ئاسایی و نەنووسراو. ئاماری ڕووداوە کارەساتبارەکانی کانەکانی خەڵوز لە ئێران، تەنیا لە چەند ساڵی ڕابردوودا، قووڵایی کارەساتەکە بە ڕوونی دەردەخات: لە یەکەمی مانگی خاکەلێوەی ئەمساڵەوە تا نزیکەی مانگێک لەمەوبەر، تەنیا لە کانەکانی خەڵوزی دامغان، کرمان و تەبەس پێنج ڕووداو ڕوویانداوە و بەهۆیەوە ١١ کرێکار گیانیان لەدەست داوە، لە کاتێکدا هۆکاری سەرەکی هەموو ئەم ڕووداوانە بریتی بووە لە نائەمنی شوێنی کار و ڕەچاونەکردنی بنەماکانی ئەمنییەتی مانگی گوڵانی ١٣٩٦، بەهۆی تەقینەوەیەک لە کانگای زستان یۆرت لە پارێزگای گۆڵستان، ٤٢ کرێکار لە ژێر داروپەردوودا گیانیان لەدەستدا. ١٦ی خەرمانانی ١٣٩٩، بەهۆی داڕمانی تونێلی ژمارە ٢ی کانگای خەڵوزی هەجدەک (نزیک کرمان)، ٤ کرێکار گیانیان لەدەست دا. گوڵانی ١٤٠٠، لە کانگای خەڵوزی ئەلبورزی ڕۆژهەڵات (تەرزەی دامغان)، ٢ کرێکار بوونە قوربانی ڕەچاونەکردنی ستانداردەکانی ئەمنییەتی کار. ٢٢ی خەرمانانی ١٤٠٠، بە هۆی ڕووخانی کانگای خەڵوزی هەجدەک لە پارێزگای کرمان، ٣٥ کرێکار گیانیان لە دەست دا. خەرمانانی ١٤٠٢، بەهۆی تەقینەوەیەک لە کانگای تەزرە ٦ کرێکاری دیکە گیانیان لەدەستدا. ١٣ی جۆزەردانی ساڵی ١٤٠٣، داڕمانی کانگای خەڵوزی ئابنێل لە گوندی بیبی حەیات لە (کرمان)، کرێکارێک گیانی لەدەست دا و پێنج کرێکاریش بریندار بوون. ٢٧ی جۆزەردانی ١٤٠٣، بەهۆی داڕمانی کانگای لم و ماسە، ٤ کرێکار کەوتنە ژێر بارستاییەک لە خاک و بەرد، لە کاتێکدا تەرمی یەکێک لە قوربانییەکان هێشتاش لە ژێر داروپەردوودایە ئەمانە تەنیا ئەو نموونانەن کە لە هەواڵەکان یان لە میدیاکاندا بڵاوکراوەتەوە. لە زۆرێک لە کانە بچووکەکانی هەڵکەوتوو لە ناوچە دوورەکان، هەرگیز ڕووداوەکان تۆمار ناکرێن یان زۆر بە کورتی تەنیا لە میدیا خۆجێییەکاندا دەمێننەوە. خاڵی هاوبەشی هەموو ئەم حاڵەتانەدا ئەوەیە کە دەتوانرێت بەر بە ڕوودانیان بگرێت، بە مەرجێک ستانداردەکانی ئەمنییەتی و چاودێرییەکی سەربەخۆی ڕاستەقینە تێیاندا ڕەچاو بکرێت. زۆربەی هەرەزۆری ئەو کرێکارانەی کە لەم تونێلانەدا گیانیان لەدەست دەدەن و لە قوڵایی ژێر زەوی و لەژێر داروپەردوودا نوقم دەبن، بە گرێبەستی کاتی، سپی ئیمزا یان گرێبەست کار دەکەن، حەقدەستی مانگانەیان کەمتر لە ٢٠٠ دۆلارە، لە بیمەی تەواو، بیمەی بێکاری، چاودێری پزیشکی کاریگەر و ئەمنییەتی پیشەیی بێبەشن. لەبەرامبەردا خاوەن کانەکان و بەڵێندەران و تاقمێک لە دەڵاڵ و ناوەندکاران، لەسەر بنەمای ئەم هێزە کارە هەرزان و بێ دیفاعە، قازانجێکی زۆر بەدەست دەهێنن. دەوڵەت و دەسەڵاتیش بە وەرگرتنی حەقی وەبەرهێنان و باج و کرێ و ئیمتیازاتی تر هاوبەشی ڕاستەوخۆی ئەم چەوساندنەوەن لە ئاوا پەیوەندییەکدا مەرگی کرێکار بە بەشێک لە تێچووی بەرهەمهێنان دادەنرێت، تێچوویەکی کە هەمیشە دەتوانرێت بە چەند پەیامێکی کورتی سەرەخۆشی و پێکهێنانی لیژنەیەکی ڕواڵەتی بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە بەسەریدا تێپەڕ بێت. لە وەها بارودۆخێکدا تەنیا یەک فاکتۆر دەتوانێت بەر بە ڕەوتی ئەم تاوانە بگرێت یان لانیکەم خاوتری بکاتەوە، ئەویش بریتییە لە ڕێکخستنی چینایەتی کرێکاران. کرێکارانی کانەکان، وەک بەشەکانی تری چینی کرێکار، ئەگەر بە پەرشوبڵاوی و ناڕێکخراو بمێننەوە، بە کردەوە لە بەرامبەر سەرمایەداران و دەوڵەتدا بێ دیفاع دەبن. هەر نارەزایەتییەکی تاکەکەسی بە خێرایی سەرکوت دەکرێت، دەر دەکرێت، یان لەناو دەبرێت. لەبەرامبەردا لەو شوێنانەی کە کرێکاران توانیویانە خاوەن ڕێکخستنێکی تەنانەت زۆر سەرەتاییش بن، لانیکەم خاوەنکار ناتوانێت هەر وا بە ئاسانی بنەماکانی ئەمنییەتی شوێنی کار پشتگوێ بخات، چاوەدێرانی کار ناتوانن ڕاپۆرتەکان بەتەواوی بشارنەوە، ڕووداوەکان و پێشێلکردنی ستانداردەکان زۆر خێراتر و بەربڵاوتر لە میدیاکانەوە بڵاودەکرێنەوە و بنەماڵەی کرێکارانی گیانبەختکردوو بە تەنیا ناهێڵرێنەوە. لە هەلومەرجی ئێستای ئێراندا، ڕێکخراوبوونی کرێکاران لە ڕێکخراوە چینایەتییە سەربەخۆکانی خۆیان، لەوانە شۆڕاکان، سەندیکاکان، کۆمیتەکانی ئەمنییەتی، ئەنجومەنەکانی کرێکاری و هاوپشتی، تاکە ڕێگەیە بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ دەستدرێژیی جینایەتکارانەی سەرمایەداران و دەوڵەت. وەڵامی ڕاستەقینە بەم دۆخە، نە لە فرمێسکی درۆینەی دەسەڵاتداران و نە لە ڕاپۆرتە ئەرشیفکراوەکانی لێکۆڵەرانی کاردا، بەڵکوو لە دەسەڵاتی ڕێکخراوەی خودی کرێکاران و پێوەندی و هاوخەباتییان لە پێناو دابینکردنی ئەمنییەتی کار، حەقدەستی گونجاو و ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە پەیوەندییە چەوسێنەرەکاندایە. تا ئەو ڕۆژە داڕمانی هەر کانێک، هەر تەقینەوەیەک و هەر کرێکارێک کە لە ژێر داروپەردوودا گیان لەدەست دەدات، تۆمەتێکە لەدژی سەرتاپای ئەو سیستەمە و سەرجەم بەرگریکار و هاوبەشەکانی

✻✻✻✻

# ستانداردی مافەکانی مرۆڤ، بەهرەمەندبوونی یەکسانە لە هەموو دەستکەوتەکانی مرۆڤ



ڕۆژی چوارشەممە، ١٠ی دێسامبر بەرامبەر بە ١٩ی سەرماوەز، ڕۆژی جیهانی مافی مرۆڤە. ٧٧ ساڵ لەمەوبەر لەو ڕۆژەدا "جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ" لەلایەن کۆبوونەوەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە وەک بەڵگەنامەیەکی جیهانی و پابەندکەر پەسەندکرا. ئەگەرچی لە ئێستادا زۆرێک لە وڵاتانی جیهان بڕگەکانی جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤیان بە فەرمی ناسیوە و تەنانەت لە یاسای بنەڕەتی خۆیاندا گونجاندوویانە، بەڵام هێشتا ئەو مافانە لە زۆربەی وڵاتەکاندا پێشێل دەکرێن. لەم بوارەدا کۆماری ئیسلامی ئێران لەڕیزی پێشەوەی وەڵاتەکانی پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤدایە لە سەرانسەری جیهان. بە گوێرەی ئەو بەڵگەنامە و بڕیارنامانەی ساڵانە لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە سەبارەت بە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ بڵاو دەکرێتەوە، کۆماری ئیسلامی هەموو ساڵێک لە ڕیزی پێشەوەی پێشێلکارانی سیستماتیکی ئەو مافانەدایە. ئەمە لە حاڵێکدایە کە ئێران خۆی یەکێکە لە واژۆکارانی ئەم جاڕنامەیە. بەڵام واقیعییەت ئەوەیە کە ئاست و ڕەهەندەکانی ئەو تاوانانەی کە لە ماوەی زیاتر لە چوار دەیەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا بەسەر خەڵکی ئێراندا سەپێنراون، زۆر زیاترن لەو تۆمەتە سنووردارانەی کە لەلایەن ئەنجومەنی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە دژی ڕێژیمی ئیسلامی وروژێنراون هەرچەندە جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ وەڵامدەرەوەی بنەڕەتیترین کێشە کۆمەڵایەتییەکان نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بڕگە و ناوەڕۆکەکانی، بەرهەمی خەبات و تێکۆشانی کرێکاران و ئازادیخوازانی جیهانن. هەر هەنگاوێک پاشەکشەی سیستەمی سەرمایەداری لە بەرامبەر ئەو مافە سەرەتاییانەی کە لەم بەیاننامەیەدا هاتووە، بەبێ خەبات و فیداکارییەکی زۆر دەستەبەر نەدەبوو. بۆرژوازی جیهانی سەرەنجام ناچار بوو ئەگەرچی بە هاوئاهەنگکردنی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی خۆی، بەڵام بە ناوی خۆیەوە لە مێژووی خۆیدا تۆماری بکات. ئەم جاڕنامەیە ئەگەرچی بناغەکانی سیستەمی سەرمایەداری ناباتە ژێر پرسیار و بنەمای چەوساندنەوەی مرۆڤ بەدەستی مرۆڤ بەرز دەنرخێنێت، بەڵام هەر لەم ڕادەیەشدا تەنانەت لە پێشکەوتووترین وڵاتانی سەرمایەداریی، هێشتا بۆ جێبەجێکردنی بەتەواومانایان پێویستە خەبات بکرێت. هەر ئێستا لە زۆرێک لە وڵاتەکان، سەرەتاییترین مافەکانی مرۆڤ کە بریتییە لە مافی ژیان، بە ئاشکرا پێشێل دەکرێت. تەنانەت پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە چوارچێوەی برسێتی، قات و قڕی، نەخۆشییە گواستراوە جۆراوجۆرەکان، بازرگانی سێکسی، بازرگانیکردن بە ماددە هۆشبەرەکان و هتد لە جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤدا ناگونجێت. ڕادەی ڕەچاوکردنی مافەکانی مرۆڤ لە هەر کۆمەڵگایەکدا دەبێت لە ڕووی ئاستی یەکسانی مرۆڤەکان و دەستڕاگەیشتن و چێژوەرگرتن لە هەموو بەهرە مرۆییەکان پێوانە بکرێت. کۆمەڵگای سەرمایەداری، بەپێی سروشتی خۆی کە لەسەر بنەمای جیاوازی چینایەتی دامەزراوە، ناتوانێت بەرگریکاری ڕاستەقینەی مافەکانی مرۆڤ بێت. مافەکانی مرۆڤ تەنها کاتێک بە تەواوی دەستەبەر دەبێت و گەرەنتی دەکرێت کە جیاوازی چینایەتی نەمێنێت و مرۆڤەکان بتوانن لەوپەڕی خۆشگوزەرانیدا بەشێوەی یەکسان بژین. ئەمە پرسە لە کۆمەڵگایەکدا کە لەسەر بنەمای چەوساندنەوەی مرۆڤ بەدەستی مرۆڤ بنیاتنراوە و ئامانجی بەرهەمهێنان نەک دابینکردنی پێداویستییەکانی مرۆڤ، بەڵکوو بەدەستهێنانی قازانجە، گەرەنتی ناکرێت. جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ لە ڕوانگەی دادپەروەری ئابووری و دەرفەتی یەکسانی ڕاستەقینە، هەڵگری چەندین خاڵی لاوازی بنەڕەتی و دژوازە: جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ باس لە یەکسانی یاسایی دەکات، بەڵام لە بەرامبەر سیستەمی چینایەتیدا بێدەنگە. باس لە مرۆڤ و تاک دەکات، بەڵام لە هیچ شوێنێکدا باس لە چینی کرێکار و چینی سەرمایەداری و پرسی خاوەندارێتی بەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێنان کە سەرچاوەی ڕاستەقینەی نایەکسانییەکانە، ناکات. لەم ڕوانگەیەوە، نایەکسانی و هەژاری تەنیا وەک کێشەی "دابەشکردنی نەگونجاو" یان "پێشێلکردنی مافەکانی تاک" سەیر دەکرێت، نەک وەک دەرئەنجامی سروشتی سیستەمێکی چینایەتی. گۆیا ئەگەر هەموو کەس مافی دەنگدان و مافی ڕادەربڕینیان هەبێ، ئیتر هەموو شتێک تەواوە، لە حاڵێکدا زۆرینەیەکی بێبەشکراو، تەنانەت بە مافی دەنگدان، لەژێر هەژموونی پەیوەندییەکانی خاوەندارێتی و دەسەڵاتی ئابووریدا دەمێنێتەوە. هەربۆیە لە دونیای واقیعدا، ئەو مافی مرۆڤەی کە لەو جاڕنامەیەدا باسی لێوە دەکرێت، واتە ئازادییە مەدەنییەکان بەبێ دادپەروەری ئابووری، بەبێ ئاماژەدان بەو سیستەمەی کە هەژاری و نادادپەروەریی لە کۆمەڵگاکاندا جێگیر کردووە. بەشێوەیەکی گشتی باس لە مافی خاوەندارێتی کراوە، بەڵام ئەم مافە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا بە کردەوە دەبێت بە مافی خاوەندارێتی سەرمایەدار بەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا. کرێکار مافی ئەوەی هەیە "بە ئازادی" هێزی کاری خۆی بفرۆشێت، بەڵام هیچ مافێکی ڕاستەقینەی نییە سەبارەت بە بڕیاردان لەسەر ئەو سامانەی کە بەرهەمی دەهێنێت. لە جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤدا بەردەوام باس لە "یەکسانی"، "ئیمکانی گەشەکردنی بەهرە و تواناییەکان"، "مافی پەروەردە" و هتد دەکرێت، بەڵام لە دونیای واقیعیدا دەرفەتی یەکسان تەنها بە دەستڕاگەیشتنی یەکسان بە پەروەردە، بێهداشت، شوێنی

درێژە لە لاپەڕەی ١٠

درێژەی لاپەڕەی ٩

نیشتەجێبوون، خۆراک و ئەمنییەتی کار، مانا پەیدا دەکات. منداڵێکی کە لە بنەماڵەیەکی کرێکاری لە پەراوێزی شارەکان و بەبێ بەهرەمەندبوون لە خۆراکی گونجاو و قوتابخانەی باش گەورە بێت، هەرگیز لەگەڵ منداڵێکی کە لە چینێکی دەوڵەمەند و لە قوتابخانەی ئەهلیدا گەورە دەبێت، خاوەن دەرفەتی یەکسان نییە. واقیعێکی تاڵتر ئەوەیە کە سەرچاوەی سەرەکی نایەکسانی، دەگەڕێتەوە بۆ چەوسانەوەی هێزی کار لەلایەن خاوەن سەرمایە و بەدەستهێنانی بەهای زیادە. کرێکار زۆرتر لە پێویستییەکانی سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی ژیانی خۆی کاردەکات و زیادەی ئەم کارە دەچێتە گیرفانی سەرمایەدارەوە. جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ سەبارەت بەم بابەتە بێدەنگە ئەو جاڕنامەیە خۆی بە "جیهانی" ناودەبات، بەڵام سەبارەت بە مافی گەشەپێدان، مافی ڕزگاربوون لە هەژاری، مافی دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوە و سامانە جیهانییەکان بە شێوەیەکی یەکسان و دادپەروەرانە، ڕۆڵی کۆمپانیا فرەنەتەوەییەکان، بانکە جیهانییەکان، سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و هەروەها دامەزراوە سەرمایەدارییە جیهانییەکان هیچ ناڵێت، دەوڵەتەکان بە بەرپرسیار دەزانێت سەبارەت بە جێبەجێکردن و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و دەوڵەتە سەرمایەدارییەکان وەک ناوبژیوانی بێلایەن دادەنێت نەک نوێنەری بەرژەوەندی چینێکی تایبەت. جاڕنامەکە باس لە مافی بەشداریکردن لە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی، مافی دەنگدان و هەڵبژاردن دەکات، بەڵام هیچ ئاماژەیەک بە بوونی دێموکراسی لە شوێنی کار، مافی کرێکاران بۆ بەڕێوەبردنی هاوبەش یان کۆنترۆڵکردنی دێموکراتیکی کارگەکان، شۆڕا کرێکارییەکان، یان شێوازەکانی بەشداریکردنی بەکۆمەڵ لە بڕیاردانی ئابووریدا ناکات. واقیعییەت ئەوەیە کە ڕەنگە کەسی خاوەن "مافی مرۆڤ" لە کایەی سیاسیدا دەنگ بدات، بەڵام لە شوێنی کارەکەی هەروا ملکەچی فەرمان و بڕیاری بەڕێوەبەر و خاوەن پشکەکان دەمێنێتەوە، بەبێ بوونی هیچ مافێکی ڕاستەقینە لە بڕیاردان سەبارەت بەو شتەی کە بەرهەمی دەهێنێت و چۆنیەتی بەکارهێنانی. جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ، مافە مەدەنی و سیاسییەکانی بە باشی دەستنیشانکردووە، بەڵام لە بواری دادپەروەری ئابووریدا هیچ ناڵێت چینی دەوڵەمەند دەتوانێت لەو جاڕنامەیە بۆ پاساوکردنی ئازادییە مەدەنییەکانی ڕادەربڕین، هەڵبژاردن و هتد کەڵک وەربگرێت، هاوکات پێکهاتەی خاوەندارێتی و کەڵەکەبوونی سامان، چەوساندنەوەی هێزی کار و نایەکسانی جیهانی، وەک خۆی بهێڵێتەوە. ئەگەر چینی هەژار تەنیا بەو مافانە ڕازی بێت کە لەو جاڕنامەیەدا هاتووە، ئیمکانی خەبات و تێکۆشان لەپێناو گۆڕینی پەیوەندییەکانی خاوەندارێتی، زەوتکردنی مافی دەسەڵاتی سەرمایە بەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، دێموکراسی ئابووری و سۆسیالیستیکردنی سەرچاوە و سامانە کۆمەڵایەتییەکان لە دەست دەدات، یان لە باشترین حاڵەتدا خەباتەکەی لە چوارچێوەی "چاکسازی"دا بەرتەسک دەبێتەوە. ئەگەرچی لە ڕوانگەی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشیشەوە، دەکرێ جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ بە هەنگاوێکی گرنگ لە بەرامبەر بەربەرییەتی فاشیستی و دەسەڵاتی ستەمکار و سەرەڕۆدا هەژمار بکرێت، بەڵام بڕگە و ناوەڕۆکی ئەم بەیاننامەیە بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری ئابووری، یەکسانی ڕاستەقینەی دەرفەتەکان و ڕزگاری چینی کرێکار و ژێردەستان لە چەوساندنەوە ئێجگار ناتەواوە، و بە جۆرێک لە جۆرەکان هەوڵدانە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی سیستەمی سەرمایەداری. مافی ڕاستەقینەی مرۆڤ تەنیا کاتێک بەدی دێت کە هەم ئازادییە تاکەکەسی و سیاسییەکان مسۆگەر بکرێن و پەرەیان پێبدرێت و هەم پێکهاتەکانی چەوساندنەوە و نایەکسانی چینایەتی و دەسەڵاتی سەرمایە بە تەواوی بگۆڕدرێن. ئەم دوو بابەتە نەک هەر بەدیلی یەکتر نین، بەڵکوو پێشمەرجی لایەنی بەرامبەرن بۆ بەدیهێنانی یەکتر

****

# هەوراز و نشێوەکانی بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئێران
# وتەیەک بە بۆنەی ١٦ی سەرماوەز ڕۆژی خوێندکار

هەر لە ساڵەکانی ١٣٠٠ تا ١٣١٠ کە یەکەمین زانکۆ لە ئێران دامەزرا، بزووتنەوەیەک بە ناوی بزووتنەوەی خوێندکاریی وردە وردە لە گۆڕەپانی سیاسی ئێراندا پێکهات. لە هەلومەرجێکدا کە دیکتاتۆری ڕەزاشا بە توندی فەزای هەر چەشنە چالاکییەکی سیاسی سەربەخۆی سەرکوت دەکرد، کۆڕ و کۆمەڵی بچووکی ڕۆشنبیری هەڵگری مەیلی و بۆچوونی چەپ و پێشکەوتنخوازانە لە نێو خوێندکاران و دەرچووانی زانکۆدا پێکهاتن. کۆمەڵێک لە کادیرە سەرەتاییەکانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی داهاتوو، لەناو ئەم جیلەوە سەریان هەڵدا. دوای ڕووخانی ڕەزاشا لە ساڵی ١٣٢٠ لە لایەن هاوپەیمانانەوە، فەزای سیاسی تا ڕادەیەک کرایەوە و حیزب و لایەنە جۆراجۆرەکان لەوانە حیزبی توودە و بەرەی نیشتمانی (جبهەی میللی) چالاکییەکانیان لە ئاستێکی بەربڵاودا پەرەپێدا. لەو سەردەمەدا زانکۆی تاران و بەشێک لە ناوەندەکانی خوێندنی باڵا، بوون بە شوێنی ڕاکێشان و هەڵسووڕانی لاوانی سیاسی و ڕادیکاڵ لە سەردەمی دەوڵەتی موسەدیق و بزووتنەوەی میللیکردنی نەوت، (١٣٢٩- ١٣٣٢)، زانکۆ فەزایەک بوو پڕ لە قسە و باسی سیاسی و پەرەسەندنی بەشداریی خوێندکاران لە سیاسەتدا وەک هێزێکی کاریگەر. دوای کودەتای ٢٨ی پووشپەڕ کەشێکی سەرکوت، گرتن، لە سێدارەدان و خەفەقان زاڵ بوو، بەڵام زانکۆ و خوێندکاران بە تەواوی بێدەنگ نەبوون. ڕێکەوتی ١٦ی سەرماوەزی ١٣٣٢، هێزەکانی گاردی شاهەنشاهی هێرشیانکردە سەر بەشی ئەندازیاری زانکۆی تاران و سێ خوێندکار بە ناوەکانی مستەفا بزورگنیا، ئەحمەد قەندچی و مێهدی شەریعەت ڕەزەوی بە تەقەی ڕاستەوخۆ گیانیانبەختکرد. ئەم ڕۆژە بوو بە هێمای هەمیشەیی خەبات و خۆڕاگریی خوێندکاران بەرامبەر بە ستەم و سەرەڕۆیی سەڵتەنەتی و دەستێوەردانی ئیمپریالیزم. لەو کاتەوە هەموو ساڵێک تەنانەت لە ژێر سێبەری توندترین سەرکوتەکانیشدا ١٦ی سەرماوەز وەک ڕۆژی خوێندکار، بەرز ڕادەگیرێت و ناسنامەی سیاسی بزووتنەوەی خوێندکاری لە دەوری ئەو ڕووداوە پێکهات. لە ساڵەکانی دەیەی چل و پەنجادا ڕژێمی محەممەد ڕەزا شا لە

درێژە لە لاپەڕەی ١١

درێژە ی لاپەڕەی ١٠

لایەک خوێندنی باڵای پەرەپێدەدا و زانکۆی نوێی دادەمەزراند و لە لایەکی تریشەوە بە توندی دەستیکرد بە سەرکوتی بزووتنەوەی خوێندکاریی. پەرەسەندنی پەروەردەی مۆدێرن هاوکات لەگەڵ ستەم و سەرەڕۆیی سیاسی، زەمینەیەکی کۆمەڵایەتی بەهێزی بۆ ڕادیکاڵ بوونی خوێندکاران پێکهێنا. لەو قۆناغەدا چەپی مارکسیستی و سۆسیالیستی لە نێو خوێندکاراندا نفوز و کاریگەرییەکی بەرچاوی بەدەستهێنا و ڕێکخراوە گەلێکی نهێنی، کۆڕ و کۆمەڵی خوێندنەوە و بەدواداچوونی مارکسیستی و گەلێک کۆمەڵ و گرووپی سیاسیی لە زانکۆکاندا دروستببوون. زۆرێک لە کادر و ڕێبەرانی ڕێکخراو و گرووپە چەپ و خەباتکارەکان لە زانکۆکانەوە سەریان هەڵدا هاوکات لە دەرەوەی وڵات، کۆنفیدراسیۆنی جیهانی خوێندکارانی ئێران، یەکێک بوو لە چالاکترین بزووتنەوە تاراوگە نیشانەکانی دژ بە ستەم و سەرەڕۆیی سەڵتەنەتی. لەگەڵ پەرەسەندنی قەیرانی سیاسی و ئابووری ساڵەکانی ناوەڕاستی دەیەی پەنجا، زانکۆکان سەرلەنوێ بوونەوە بە ناوەندی سەرەکی ناڕەزایەتییەکان. مانگرتنی بەربڵاوی خوێندکاریی، هاوپشتی لەگەڵ کرێکاران، موعەلیمان و بازاڕیان و هەروەها خۆپیشاندانی دژە بە ڕژێمی شا سەرتاسەری وڵاتی گرتەوە. لە ساڵەکانی ٥٦- ٥٧ بزووتنەوەی خوێندکاریی، هەم لە ناوخۆ و هەم لە دەرەوە، بە شێوەیەکی چالاکانە لە ڕووخانی ڕژێمی شادا بەشدارییان کرد دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕینی ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧، زانکۆکان زۆر زوو بوونە مەیدانی ململانێی سیاسی نێوان هێزە جۆراوجۆرەکانی ئیسلامی، چەپ، ناسیۆنالیست، لیبراڵ و هتد. چەندین ڕێکخراوی خوێندکاریی پێکهاتن. بەڵام ڕێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو هەر زوو وەک یەکێک لە مەترسیدارترین بنکەکانی ئۆپۆزسیۆن چاوی لە زانکۆکان کرد و بە هێرشێکی ڕێکخراو بۆ سەر هێزە چەپ و بیر جیاوازەکان، پرۆژەی "بەئیسلامکردن" و "شۆڕشی فەرهەنگی" دەستپێکرد. ساڵی ١٣٥٩ بە هێرش بۆ سەر زانکۆکان و تێکهەڵچوونی خوێناوی و سەرکوتی توندی خوێندکارانی خەباتکار، زانکۆکان بە بیانووی "شۆڕشی فەرهەنگی" داخران، هەزاران خوێندکار و مامۆستا دەرکران، دەستبەسەر و زیندانی کران، یان ناچارکران وڵات بەجێبهێڵن. شوراکانی خوێندکاران و ڕێکخراوە سەربەخۆکان هەڵوەشانەوە و ئەنجومەنە ئیسلامییەکانی ژێر کۆنترۆڵی حکومەت جێگیرکران دەیەی ١٣٦٠، هاوکات لەگەڵ شەڕی ئێران و عێراق و سەرکوتی خوێناویی نەیارانی سیاسی، زانکۆکان لە ژێر کۆنترۆڵێکی توندی ئیدئۆلۆژیک و ئەمنی و سیاسیدا کرانەوە. ئیمکانی هەر چەشنە ڕێکخراوێکی سەربەخۆ و چالاکییەکی ڕەخنەگرانە و دژایەتییەکی ڕادیکاڵ بە تەواوی لەناوچوو. بەشێکی زۆر لە فەزای زانکۆ، یان لەژێر هەژموون و کاریگەری ئەنجومەنە ئیسلامی و دامەزراوە حکومییەکاندا بوون، یان کەوتبوونە ژێر سێبەری ترس و خۆسانسۆڕکردن. دەتوانین بڵێین کە لەو دەیەیەدا بزووتنەوەی خوێندکاریی بە مانای ڕادیکاڵ و سەربەخۆ و جەماوەریی بوونیان نەمابوو. لەگەڵ کۆتایی هاتنی شەڕ و دەستپێکی سیاسەتەکانی "ئاوەدانکردنەوە"، زانکۆکان لە ڕووی چەندایەتییەوە تا ڕادەیەکی زۆر پەرەیان سەند. نەوەیەکی نوێی لاوان کە هیچ ئەزموونێکی ڕاستەوخۆی شۆڕش و شەڕیان نەبوو، چوونە ناو زانکۆ. بەشێک لە فەزای سیاسی زانکۆکان بەتایبەتی لە دەیەی حەفتادا کەمێک کراوەتر بوو. لەو دەورەیەدا ڕێکخراوەکانی وەک "دەفتەری تەحکیم وەحدەت" (بە مەیل و بۆچوونێکی ڕیفۆرمخوازی ئیسلامی)، و کۆڕ و کۆمەڵی نوێی چەپ و ڕادیکاڵیش وردە وردە سەریان هەڵدا. دوای ٢ی جۆزەردانی ١٣٧٦ و پەرەسەندنی ویست و چاوەڕوانی بۆ ئازادییە سیاسی و مەدەنییەکان، خوێندکاران بوونە یەکێک لە بنکە سەرەکییەکانی بزووتنەوەی ڕیفۆرمخوازی. کۆڕ و کۆبوونەوە و وتار و بڵاوکراوە خوێندکارییەکان و هەڵسووڕانی سیاسی لە زانکۆکان لە ئاستێکی بەربڵاودا هاتنە ئاراوە. بەڵام پێکهاتەی دەسەڵات (وەلایەتی فەقیە، سپا، هێزی قەزایی) لە بەرامبەر پەرەسەندنی ئەو فەزایەدا ڕاوەستا. لە پووشپەڕی ١٣٧٨دا بە داخرانی ڕۆژنامەی "سەلام" و ناڕەزایەتی خوێندکاران لە دژی ئەو ڕووداوە، هێرشی وەحشیانەی هێزە لیباس شەخسی و یەکە تایبەتەکان بۆسەر بەشەناوخۆیی زانکۆی تاران ڕوویدا. لە ئاکامدا چەندین خوێندکار کوژران و سەدان کەسیش بریندار و دەستبەسەرکران. خۆپیشاندان و تێکهەڵچوونەکان چەند شارێکی دیکەشی گرتەوە لە دەیەی ١٣٨٠دا، بە دەرکەوتن و ئاشکرابوونی سنووردار بوونی ڕیفۆرمخوازی حکومەتیی و شکستی بەشێنەیی پرۆژەی چاکسازی لە سەرەوە، بەشێک لە خوێندکاران ڕوویانکردە گوتاری چەپ، سۆسیالیستی، سیکۆلار، ڕادیکاڵ و دژ بە ستەم و سەرەڕۆیی. بڵاوکراوەی ڕادیکاڵی خوێندکاریی، ئەنجومەنە سەربەخۆکان و کەمپەینگەلێکی ناڕەزایەتی پێکهاتن. لەو قۆناغەدا بەشێک لە کۆبوونەوە و خۆپیشاندانەکانی خوێندکاران گواسترایەوە بۆ سەر شەقام و شوێنە گشتییەکان. گرووپە خوێندکارییە چەپ و ڕەخنەگرەکانی سەرمایەداری، چالاکتر بوون. لوتکەی سیاسی ئەو قۆناغە بریتی بوو لە بزووتنەوەی سەوزی ساڵی ١٣٨٨. خوێندکاران لە خۆپیشاندانە ملیۆنییەکانی دوای هەڵبژاردن، ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو. زانکۆکان بوونە ناوەندی گرنگی ناڕەزایەتی. سەرکوتی توندوتیژانە، دەستبەسەرکردنی ژمارەیەکی زۆر لە هەڵسووڕاوانی خوێندکاری و داخرانی فەزاکە، سەرلەنوێ گورزێکی قورسی لە بزووتنەوەکە دا. لە ساڵەکانی دەیەی ٩٠دا قەیرانی ئابووری، بێکاری، گەندەڵی، هەڵاواردن و سەرکوت، کۆمەڵگای بەرەو تەقینەوەی جەماوەری پاڵپێوەنا. هاوکات لەگەڵ ئەوە فەزای مەجازی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕێگەی نوێیان بۆ پەیوەندی و کاری ڕێکخستن خۆشکرد. لە بەفرانباری ٩٦دا، ناڕەزایەتیی جەماوەریی لەسەر تەوەری هەژاری و بێکاری و ناڕازیەتی دژ بە تەواوەتی ڕژیم، لە دەیان شار بەرێوەچوو. خوێندکاران بە تایبەت لە تاران، مەشهەد، تەورێز و چەند شارێکی تریش پێی پەیوەست بوون. دروشمی بەناوبانگی "ئیسلاح تەڵەب، ئوسوولگەرا، ئیتر تەواوە ماجەرا" وەک ڕاگەیاندنی کۆتایی هەر چەشنە وەهم و خۆشباوەڕییەک بە هەردوو باڵی فەرمی ناو دەسەڵات، لەو قۆناغەدا بوو بە وێردی سەر زمان. لە خەزەڵوەری ١٣٩٨دا بەرزبوونەوەی لەناکاوی نرخی بەنزین چەخماخەی ڕاپەڕینێکی سەرتاسەری لێدا. سەدان شار شایەتی ناڕەزایەتی بەربڵاو بوون. سەرکوتێکی بێ وێنە ڕوویدا کە بووە هۆی گیانلەدەستدانی هەزار و ٥٠٠ کەس و دەستگیرکردنی هەزاران کەسی تر. لەو دەورەیەدا خوێندکاران هەم لە زانکۆکان و هەم لەسەر شەقامەکان حزووری بەرچاویان بوو. دروشم و داخوازییەکانیان تێکەڵەیەک بوو لە ویست و داواکاری ئابووری، کۆمەڵایەتی و ئازادیخوازانە و زیاتر لە هەر کاتێک درکیان بەوە کرد کە چارەنووسیان بەستراوەتەوە بە چارەنووسی چینی کرێکار و هەژاران. بە قەتڵی حکومەتیی ژینا ئەمینی لە خەرمانانی ١٤٠١دا، ئاخێزێکی بەربڵاو و سەرتاسەری بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" هاتەئاراوە و زانکۆکان هەر زوو بوونە یەکێک لە ناوەندە سەرەکییەکانی

درێژە لە لاپەڕەی ١٢

درێژە ی لاپەڕەی ١١

نارەزایەتی ئەمساڵ لە کاتێکدا کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ قەیرانێکی قووڵ و فرەڕەهەند بەرەوڕووە، جارێکی دیکە ئەم ڕۆژە و مێژووی شکۆدار و پڕ لە خەبات و تێکۆشانی خوێندکاریی لە ئێران وەبیر دەهێنینەوە. مێژوویەک کە لە دوولایەنەوە گێڕانەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت، لەلایەکەوە گێڕانەوەیەکی فەرمی و چەواشەکراوی هەردوو ڕژێمی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامییە کە بەردەوام هەوڵیانداوە ١٦ی سەرماوەز لە بۆنەیەکی تەواو نەتەوەیی یان دژە ئەمریکاییدا کورت بکەنەوە و لەلایەکی تریشەوە گێڕانەوەیەکی ڕەسەنی بزووتنەوەی ڕاستەقینەی خوێندکاری و بزووتنەوە چەپ و سۆسیالیستییەکانە کە ئەو ڕۆژە وەک هێمای خەباتێکی شێلگیر و بێ پسانەوە لە دژی دیکتاتۆرییەت، ستەم و سەرەڕۆیی سەرمایەداریی وابەستە و سەرکوتی سیستماتیک، بەرز ڕادەگرن چاوخشاندنێکی کورت بەم مێژووەدا نیشان دەدات کە بزووتنەوەی خوێندکاری بەردەوام پێشەنگ و ئاڵاهەڵگری خەبات دژ بە ستەم و سەرەڕۆیی و هێنانەئارای ویست و داخوازییە دێموکراتیک و دادپەروەرییەکان بووە. هەر لە خەبات دژ بە چینایەتیکردنی پەروەردە و بەپادگانی کردنی زانکۆکان لە ساڵەکانی دەیەی شەست و حەفتاوە بگرە تا بزووتنەوەی ٢ی جۆزەردان و نارەزایەتییەکانی کوی دانشگاه لە مانگی پووشپەڕی ١٣٧٨، خوێندکاران ڕۆڵی پێشەنگیان گێڕاوە. بەڵام ئەم بزووتنەوەیە نەک لە ڕووی وەهم و خۆشباوەڕی بە ڕیفۆرمخوازانی حکوومەتی، بەڵکوو بە ڕوانگە و ئاسۆیەکی ڕادیکاڵ و سۆسیالیستی توانیویەتی ڕۆڵی مێژوویی خۆی بە دروستی بگێڕێت. ئەمڕۆ بزووتنەوەی خوێندکاری لەگەڵ بزووتنەوە سەرەکییەکانی دیکەی کۆمەڵگادا لەوانە بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ژنان ئاوێتە بووە و گەیشتووەتە ئاستێکی بەرچاو لە پێگەیشتوویی. مانگرتنە کرێکارییەکان، خەباتی ژنان لە دژی حیجابی زۆرەملێ و ستەمی جێندەری، نارەزایەتی خوێندکاران لە دژی بەپادگانی بوونی زانکۆکان و چینایەتیکردنی پەروەردە، سەرجەمیان بەرەیەکی یەکگرتوویان لە دژی ڕژێمی سەرمایەدار و ستەمکاری دەسەڵاتدار پێکهێناوە. خوێندکاران هاوهەنگاو لەگەڵ ژنانی پێشڕەو، کرێکاران، موعەلیمان، خانەنشینان و لاوانی گەڕەکەکان، بەوپەڕی بوێرییەوە لەبەرامبەر دام و دەزگای سەرکوتدا وەستاون و دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"یان لە زانکۆکاندا بەرز کردووەتەوە و بە حزووری چالاکانە لەسەر شەقامەکان، ڕێکخستنی نارەزایەتییەکانی ناو زانکۆ، بایکۆتکردنی وانەکانی خوێندن و بەرزکردنەوەی دروشمی ڕادیکاڵ، ڕۆڵێکی بەرچاویان لە پەرەپێدان و قووڵتر کردنەوەی خەبات و نارەزایەتییەکاندا بینیوە. تێپەڕبوون لەم ڕژێمە سەرکوتگەرە و گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی ئازاد، یەکسان، سۆسیالیستی و دوور لە هەر چەشنە ستەم و چەوساندنەوەیەکی سیستەماتیک، تەنیا بە پشتبەستن بە هێزی ڕێکخراوی ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتیانە و بە ڕێبەرایەتی چینی کرێکار و هەروەها بە وشیاری سۆسیالیستیی، مومکین دەبێت. ئەمڕۆ هەڵسووڕاوانی خوێندکاریی، پێویستە پتر لە هەمیشە، ئاڵای سووری سۆسیالیزم بەرز ڕابگرن و شانبەشانی کرێکاران و ژنانی ئازادیخواز، لەپێناو ڕووخاندنی ئەم سیستەمە و بنیاتنانی دوارۆژێکی نوێ دا، یەکبگرن

****

# کاریگەری شۆڕشی ئۆکتۆبری ١٩١٧ی ڕووسیە لەسەر ئەدەبیاتی کوردی لە کوردستانی عێراق و ئێران

شۆڕشی ئۆکتۆبری ١٩١٧ی ڕووسیا، کە بە سەرکەوتنی بۆلشەڤیکەکان بە سەرۆکایەتی ڤلادیمیر لینین تەواو بوو، یەکێک بوو لە گەورەترین ڕووداوە سیاسی، مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکانی سەدەی بیستەم. ئەو شۆڕشە نەتەنها سیستەمی سیاسی و ژینگەی نێودەوڵەتی گۆڕی، بەڵکوو کاریگەری گەورەی لە سەر ئاستی فکری، ئەدەبی، و فەلسەفی هەموو جیهانیش هەبوو. ئەدەبیاتی کوردی لە هەموو پارچەکانی کوردستان، بە تایبەتی لە کوردستانی عێراق و ئێران، بە هۆی ئەم گۆڕانکارییەوە ئاراستەیەکی نوێ و شێوەیەکی فکری تری بە خۆیەوە بینی پێش ئەوەی شۆڕشی ئۆکتۆبر ڕووبدات، کوردستان لەژێر دەستی ئیمپراتۆرییەکانی عوسمانی و ئێراندا بوو، وە ئەدەبیات بەشێوەیەکی زۆر کلاسیکی و مەدەنی بەردەوام بوو. بەڵام پاش ئەو شۆڕشە، بیرۆکەی ئازادی چووە مێشک و هزری گەنجانەوە و ئاشنای کردن لەگەڵ ئەندیشەی سۆسیالیستی. ئەو گۆڕانکارییە، بە تایبەتی لە شاری سلێمانی و مەهاباد، بەرچاوتر بوو کە ئەدەبیات لە مەیدانی شێعر و ڕۆمان و نووسینی ڕەخنەی کۆمەڵایەتیدا تێکەڵ دەبێت بە بیرۆکەی ناسیۆنالیزم و سەربەخۆییەوە ئەو تێکەڵبوونە لە هەردوو پارچەی کوردستان، بە تایبەتی لە عێراق و ئێران، ئەنجامێکی دیاری هەبوو. لە عێراق، گەنجانی پەیوەندیدار بە گۆڕانکارییە سیاسییەکانی سەدەی بیستەوە و بە دەسەڵاتە نوێ سۆسیالیستییەکانی مەوجودەوە، بەهۆی ڕووح و ناوەرۆکی شۆڕشی ئۆکتۆبرەوە، بەرەو ئەدەبیاتێکی ڕەخنەگر، و ژینگەیی و جەماوەری چوون. لە هەمان کاتدا، لە کوردستانی ئێران، ئەو شۆڕشە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ تری هەبوو لەوەی کە تێکەڵبوونی ناسیۆنالیزمی کوردی و سۆسیالیزمی ڕووسی بەهێز بێت، بە تایبەتی لە کاتی دامەزراندنی حوکومەتی کوردی لە مەهاباد (١٩٤٦)

* گۆڕانکاریی فکری و ئەدەبی

شۆڕشی ئۆکتۆبر بیرۆکەیەکی نوێی خەیاڵی و ئەدەبی لە جیهاندا شکڵ پێدا، کە سەرچاوە و پێگەی «ئەدەبیاتێکی ڕەخنەگر» و «ئەدەبیاتێکی ڕێالیستی خەڵکی» بوو. ئەم بیرۆکەیە بە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش گەیشت بەهۆی هاوپەیوەندییە فکری و سیاسییەکان لە نێوان کۆمەڵگەی ژینگەی نوێی ڕووسیا و وڵاتانی دەوروبەری. لە ئەدەبیاتی کوردیدا، بە تایبەتی لە سەدەی بیستەوە، ئەو کاریگەرییە بە شێوەیەکی زۆر دیار لە شێعر و ڕۆمانەکانی نووسەران و شاعیرانی کوردا وەک هێمن، عبداللە گۆران، قانع، هەردین عەبدولڕەحمان و هەژار موکریانییەوە دیاربوو. ئەم نووسەرانە هەوڵیان داوە ئەدەبیات لە بواری ڕۆمانسی و غەزەلی دوور بکەنەوە و بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە و کۆمەڵایەتی نیشانی بدەن کە بەرەو ڕێالیزم و پێویستی ژیانی سەردەم بەرەوپێشچوون. بە تایبەتی عبداللە گۆران، بەهۆی ئاگادارییەکی زۆر کە لەگەڵ مکتەبی سۆسیالیستی و ئەندیشەی مادەبیدا هەیبوو، شێعرە سیاسییەکانی وەک بەرهەمێکی نیشانەدار بوو لە بەرەنگاری لەگەڵ بەستەی خەیاڵی و فیوداڵی. ئەدەبیاتی کوردی لەسەر دەستی گۆڕانەوە بوو بە ئامرازێکی ڕەخنەی ژینگەی کۆمەڵایەتی و بەردەست و تێکەڵ بە ژیانی ڕاستەقینەی خەڵکی ئاسایی لە کوردستانی ئێرانیش، هەژار و هێمن ئەو شێوەیان لە شۆڕشی ئەدەبی و ڕەخنەییدا بەکارهێناوە بۆ ڕوونکردنەوەی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان، هەروەها بۆ بەرەوپێشبردنی بیرۆکەی نەتەوەیی و دیموکراتی. ئەو شاعیرانە بەرهەمە ئەدەبییەکانیان تێکەڵبوونێک بوو لە نێوان ناسیۆنالیزمی کوردی و ڕۆحی

درێژە لە لاپەڕەی ١٣

درێژە ی لاپەڕەی ١٢

سۆ سیا لیستی

* ئەدەبیات و پرۆپاگەندای سیاسی پاش شۆڕشی ئۆکتۆبر، هاوپەیوەندییە فکرییەکان و ڕووبەڕووبوونی چەپگەرایان و سۆسیالیستەکان لە ناو کوردستاندا پەرەی سەند. ئەو هەنگاوە، ئەدەبیاتی کوردی تێکەڵ بە ئامانجە سیاسییەکان، بە تایبەتی لە نێوان ساڵانی ١٩٤٠ تا ١٩٧٠ کرد. ئەو سەردەمە، شێعر و ڕۆمان و ئەفسانە و تەنانەت گۆرانییش بە شێوەیەکی دیار وەک ئامرازێکی پەیوەندیدار بە خەڵک و بەرەنگاربوونەوە بەرانبەر بە دەسەڵات بەکاردەهێندرا. ئەو نووسەر و شاعیرانەی کە خۆیان نزیک کردوە لە چەپە سیاسییەکان، ئەو شێوە نوێیەی شۆڕش و ئاڵوگۆڕ و ڕەخنەیان ئاوێتەی ئەدەبیات کرد و ئەمە بە ڕوونی لە کارەکانی لاهوتی، قانع، سەیفالقوزات، ئەحمەد شەمزینی، ڕەفیق سابر و تەنانەت لە بەرهەمی شاعێران و نووسەرانی دواتردا بە شێوەیەکی بەرین پەرەسەی سەند

* ڕەنگدانەوەی ئاخلاقی و فەلسەفی ئەو شۆڕشە نەتەنها بە شێوەی سیاسی، بەڵکوو بە مەعنای فەلسەفی و ژینگەییش لەگەڵ ئەدەبی کوردی پەیوەندی دروست کرد. شێعر و ڕۆمان بەشێوەیەکی نوێ گرنگی و گەورەی جەماوری خەڵک، نادادپەروەریەکانی ژیان و داواکارییە ئازادی خوازییەکانی خەڵکی نیشان دا. ئەو بیرۆکە سۆسیالیستییە بە شێوەیەکی ڕوون و لە هەمان کاتدا بەهۆی گەشەی زانکۆکان، چوونی خوێندکارانی کورد بۆ وڵاتانی سەربە سۆڤیەت، ڕۆژنامەوانی و پەیوەندییە فکرییەکانی نێوان کوردستان و وڵاتی سۆفیەت زیاتر گەشەی کرد به گشتی، شۆڕشی ئۆکتۆبری ڕوسیا ڕێگە و ئاسۆیوکی نوێی فکری و ئەدەبی بەخشی بە ئەدەبیاتی کوردی، بە تایبەتی لە کوردستانی عێراق و ئێران. ئەو شۆڕشە، ئەدەبیاتی کوردی لە شێوەی کلاسیکی و سوننەتییەوە بەرەو شێوەیەکی ڕەخنەگرانە، ناسیۆنال و کۆمەڵایەتی برد. ئەم گۆڕانکارییە نەک تەنها فکری بوو، بەڵکوو ڕەنگی ژیان، سیاست، و فەلسەفەی هەستیی لە ئەدەبیاتی کوردی دا گۆڕی. لە نێوان تۆمارە ئەدەبییەکانی ساڵانی ١٩٣٠ تا ١٩٨٠، ئەو ڕووحیە شۆڕشگێڕی و چەپگەرایانە بە شێوەیەکی بەرچاو دکرێ ببیندرێت و هەست پێبکرێت، بە تایبەت لە بەرهەمە شێعری و سرودە کرێکاری و چەپ و ئازادی خوازانەکاندا، وەک: یەکی ئایار، ئەنترناسیۆنال، منم ئاڵای سووری شۆڕشی نوێ دەشەکێنم و دەیان بەرهەمی تری بە ناوەرۆک لەم چەشنە

****

# له ئیدانەکردنی سیاسەتی قێزەونی توندکردنەوەی گوشار لەسەر بەهاییەکان

لە چەند هەفتەی ڕابردوودا، دەسەڵاتی دادوەریی کۆماری ئیسلامی بە زنجیرەیەک سزای قورسی زیندانی و دەستبەسەرداگرتنی موڵک وماڵیان، سەرکوتی بەهاییەکانی چڕتر کردووەتەوە. سەرکوتکردنەکانی ئەم دواییە کە بە تایبەتی لە دوای شەڕی ١٢ ڕۆژەی ئێران و ئیسرائیل لە مانگی جۆزەردان و پووشپەڕی ئەمساڵەوە پەرەی سەندووە، د ه ستبه سه ر کر د نی سەرەڕۆیانە، لێپرسینەوە، درکردنی سزای ناڕەوا و زیندانیکردن و هەروەها د ه ستبه سه ر د ا گر تنی موڵک و ماڵی لەخۆ گرتووە. دەوترێت کە دەسەڵاتی دادوەری بە بڵاوکردنەوەی زانیاری ناڕاست، ئەم کەمینە ئایینییەی کردووەتە ئامانج و ئەزیەت و ئازار و بەدواداچوون لە دژیان ئاراستە دەکات. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەهایی، کە ڕێکخراوێکی مەدەنی و بەرگریکاری مافی بەهاییەکانە، ڕایگەیاندووە کە لە مانگی پووشپەڕەوە تا خەزەڵوەری ١٤٠٤ زیاتر لە ٧٥٠ کردەوەی ئەزیەت و ئازار و بەدواداچوونی لە سەرانسەری ئێران بەڵگەمەند کردووە، کە ئەم ڕێژەیە سێ ئەوەندەی ئەو ژمارەیە کە لە هەمان مەودای زەمنیی ساڵی ١٤٠٣دا تۆمار کراوە. کە بریتین لە زیاتر لە ٢٠٠ جار هەڵکوتانە سەر ماڵ و شوێنی کار و کاسبی و دواتریش لێپرسینەوە و دەستگیر و زیندانیکردنی لانیکەم ١١٠ کەس لە بەهاییەکان. بەناو دادگاکانی ڕێژیم جەلسەی لێکۆڵینەوەیان بۆ زیاتر لە ١٠٠ کەس بەڕێوەبردووە و کۆمەڵێک سزای نوێیان لە نێوان دوو بۆ دە ساڵ زیندان لە دژی بەهاییەکان دەرکردووە. لەم ماوەیەدا لانیکەم ٤٥ کەس بەمەبەستی تێپەڕاندنی سزای زیندانیکردنیان بانگهێشت کراون. لەنێو زیندانیکراوەکاندا، ئەو دایکانەش هەن کە لە منداڵە بچووکەکانیان دابڕاون

ڕژیمی ئیسلامی لە ماوەی زیاتر لە چوار دەیەی ڕابردوودا بەردەام کاری کردووە بۆ لەناوبردنی جەستەیی بەهاییەکان، د ه ستبه سه ر د ا گر تنی موڵک و ماڵ و سەروەت و سامانی ئەوان و هەروەها چاوترسێن کردنی کۆمەڵگا بە سەپاندنی سزای قورس و بەردەوام بەسەریاندا و ڕازیکردنی دواکەوتووترین بەشی کۆمەڵگەی شیعە. ئەم ڕژیمە لە لایەن خومەینی و خامنەیی و ئایەتوڵڵا پلە باڵا دەوڵەتییەکان و بە پشتبەستن بە یاسا، ئایین و بیروباوەڕی بەشێک لە خەڵکیان، بە چەواشە و قبوڵنەکراو لەقەڵەم داوە و ژن و پیاوی بەهایی، گەنج و پیر و تەنانەت مناڵەکانی ئەوانی زیندانی کردووە، گەنجانی بەهایی لە خوێندنی زانکۆ و دامەزراندن بێبەشکردووە و دەیان گرفت و نەهامەتی دیکەی بەسەر بەهاییەکاندا سەپاندووە. ئەوەی کە حکوومەتی ئیسلامی لە دژی دانیشتوانی بەهایی کردوویەتی و دەیکات، ڕێک سیاسەتی ئاڵمانی نازی و فاشیستەکانی تری سەدەی ڕابردووە کە لەدژی یەهوودییەکان و کرێکارە بیانی و سۆسیالیستەکان بەکاریان دەهێنا، یان هەمان سیاسەتی داعشە کە لە شنگال لەدژی کوردانی ئێزیدی بەڕێوەیان برد بەڵام گوشارەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر خەڵک و لەوانە بەهاییەکانیش ناتوانێت زۆر بەردەوام بێت. ڕژیمێکی کە شەرعییەتی خۆی لەدەستداوە، خاوەنی ئابوورییەکی داڕماوە و کێوێک جینایەت لەسەر شانی قورسایی دەکات، خاوەنی ژینگەیەکی وێران و دیپلۆماسییەکی دۆڕاوی ناوچەیی و جیهانییە و لە دۆخێکیشدا کە لەگەڵ جەماەرێک بەرەوڕووە کە ئاواتی مەرگی دەخوازن، ناتوانێت زۆر بەردەوامبێت. ئەوە لە حاڵێکدایە کە کرێکاران، خانە نشینان، مامۆستایان، ژنان، لاوان، دادخوازان، هەڵسووڕاوانی مافی نەتەوەیی، مافی مرۆڤ و ژینگەپارێزان، لە درێژەی دەیان ساڵ خەباتی خۆیان و بەردەوامی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادیدا، خەریکن هەنگاو بە هەنگاو بەروگۆڕی دەبەن. جیایی دین لە دەوڵەت، نەبوونی ئایینی فەرمی، جیاکردنەوەی ئایین لە پەروەردە، ئازادی ئایین و لە هەمووی گرنگتر ئازادی بێ باوەڕی و نەبوونی هیچ چەشنە ئایینێک، بڕینی هەر جۆرە هاوکارییەکی دارایی و دەوڵەتی لە دامەزراوە و دام و دەزگا ئایینییەکان و هەروەها وەرگرتنی باج لە سەرچاوە دارایی و بازرگانییەکانی دامەزراوە ئاینییەکان، مەرجێکی سەرەکییە بۆ ڕێگریکردن لەو کارەساتانەی کە بەسەر دانیشتوانی بەهایی و کەمینە ئایینییەکانی دیکەدا دێت. ئەگەرچی زیاتر لە چوار دەیەیە ئازادی و مافە سەرەتاییەکانی خەڵکی ئێران لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بە توندوتیژیترین شێوە پێشێل دەکرێت، بەڵام لەم نێوەندەدا بەهاییەکان تەنیا بە هۆی بیروباوەڕەکانیانەوە، بەدەست بێبەشی و نەهامەتی زیاترەوە دەناڵێنن و هەست و نیستیان بەردەوام لە مەترسیدا بووە. لە سەردەمی سه ر ۆ ککۆ ما ر یی ڕەئیسی دا، بە پەروەندەسازی و تۆمەتی درۆ و بێبنەما سزای لەسێدارەدانیان لەدژی دەیان بەهایی دەرکرد

پێویستە لەمڕۆوە بە هەموو ئیمکاناتێکی کە لەبەردەستماندایە و بەبێ هیچ ئەمما و ئەگەرێک داکۆکی بکەین لە مافی ئینسانی هاووڵاتییانی بەهایی لەبەرامبەر ڕژیمی ئیسلامی ئێراندا. یەکێک لە شانازییەکانی خەڵکی خەباتکاری کوردستان بریتی بووە لە پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی هەموو ئایینەکان و لەوانە بوون و تەحەمولی بەهاییەکانیش. کوردستان ئێستاش تاکە شوێن یان لەو بەدەگمەن ناوچانەیە کە بەهاییەکان لەلایەن خەڵکەوە بە باوەشی ئاواڵەوە قبوڵ کراون و ئایین وەک بابەتێکی تایبەتی خەڵک چاوی لێکراوە. بەهاییەکان و پەیڕەوانی هەر ئایین و مەزهەب و بیر و باوەڕێک، دبێ بتوانن لە ئازادی و ئاسایشدا بژین و ژیان و ماڵیان لە هەر چەشنە دەستدرێژییەکی حکوومەتی یان توندوتیژیی تاقم و گروپە لات و چەقۆکێشە ئایینییەکان پارێزراو بێت. پێویستە هێرش و توندوتیژی لەدژی بەهاییەکان و چاندنی تۆوی ڕق و بێزاری لەدژی ئەوان دەستبەجێ کۆتایی پێبێت و بەهاییەکان بتوانن لە ئەمنییەت و ئازادیدا درێژە بە کار و ژیانی خۆیان بدەن

****

Workers of all countries, unite!
PESHRAW
No: 466-October 2025
www.komalah.org
Fortnightly paper of the central committee of Komalah

# بوکوحەرام و ڕفاندنی ژنان لە نیجیریا

ئامادە کردنی: سەعید ئەمانی

بوکوحەرام یەکێکە لە توندڕەوترین و مەترسیدارترین ڕێکخراوە ئیسلامگەراکانی ئەفریقا کە لە ساڵی ٢٠٠٢دا لە باکووری ڕۆژهەڵاتی نیجیریا دامەزراوە. ناوی ئەم گروپە لە زمانی" هاوسا"دا بە مانای "پەروەردەی ڕۆژئاواییەکان حەرامە" دێت، کە ئاماژەیە بۆ دژایەتیکردنیان لەگەڵ بەهاکان و سیستەمی پەروەردەی ڕۆژئاواییدا. ئەم ڕێکخراوە کە ئێستا بە ناوی "دەوڵەتی ئیسلامی لە ڕۆژئاوای ئەفریقا" ناسراوە، بەیعەتی داوە و سوێندی بۆ گروپی داعش خواردووە کە پەیرەوی بۆ چو و نە کا نیە تی بوکوحەرام لەلایەن مەحەمەد یوسفەوە دامەزرێنرا، کەسێک کە داوای جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلامی لە هەموو نیجیریادا دەکرد. ساڵی ٢٠٠٩، یوسف لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی نیجیریاوە کوژرا، دواتر ئەبووبەکر شێکاو سەرۆکایەتی گروپەکەی گرتەدەست. لەژێر سەرۆکایەتی شێکاودا، بوکوحەرام گەشە سەندنێکی بێوێنەی کرد و هێرشەکانی توندتر و بەرفراوانتر بوون گروپەکە لە دەیەی ٢٠١٠ەوە بووە مایەی ترس و تۆقاندنی خەڵکی باکووری نیجیریا و وڵاتانی دەوروبەری وەکو کامیرون، چاد و نیجێر. هێرشەکانیان تەقاندنەوە بە بۆمب، هێرشە خۆکوژییەکان، کوشتاری بە کۆمەڵ و داگیرکردنی گوندەکان لەخۆ دەگرێت یەکێک لە ناسراوترین و بە ناوبانگ ترین تاوانەکانی بوکوحەرام، بریتی بوو لە ڕفاندنی ٢٧٦ کچ لە قوتابخانەیەکی کچانی ناوچەی چیبۆک لە ئاوریلی ساڵی ٢٠١٤ دا. ئەم ڕووداوە کاردانەوەیەکی جیهانی بەهێزی بەدوای خۆیدا هێنا و کەمپەینی " کچەکانمان بۆ بەگەڕیینەوە" لە سەرانسەری جیهاندا دەنگی دایەوە. زۆربەی ئەم کچانە تەمەنیان لە نێوان ١٦ بۆ ١٨ ساڵ بوو و ئامادەی ئیمتحاناتی کۆتایی خوێندن بوون. چەکدارەکانی بوکوحەرام شەوانە هێرشیان کردە سەر قوتابخانەکە، کچەکانیان بە زۆرەملێ سواری لۆرییەکان کرد و بردیانن بۆ دارستانەکانی سامبیسا. دواتر دەرکەوت کە بەشێکیان بە زۆرەملێ هاوسەرگیریان پێکراوە، بەشێکی دیکەیان وەک کۆیلەی سێکسی بەکارهێنراون، و بەشێکیان خرانەتە بەر ڕاهێنانی چەکداری دوای سێ ساڵ لە ڕفاندنی کچەکان و دانوستانەکان لەگەڵ ئەو گرووپە، لە ساڵی ٢٠١٧دا لە ڕێگەی دانوستانی حکومەتی نیجیریا لەگەڵیان، ٨٢ کچ ئازاد کران. هەرچەندە هەندێکیان گەڕانەوە، بەڵام ژمارەیەکی زۆر هێشتا یان لە دەستی گروپەکەدان و یان کوژراون ڕفاندنی چیبۆک تاکە ڕووداو نەبوو. بوکوحەرام بەردەوام ڕفاندنی ژنان و کچانی درێژە پێداوە. لە ساڵی ٢٠١٨دا، لە دابی ١١٠ کچیان ڕفاند و لە مارسی ٢٠٢١دا لە کانکارا زیاتر لە ٣٠٠ کوڕیان ڕفاند. هەروەها لە شوباتی ٢٠١٨دا لە داپچی ١١١ کچیان ڕفاند، کە پێنج کەسیان لەبەر ئەوەی ڕەتیان کردەوە ئاینەکەیان بگۆڕن کوژران. لە ماوەی دوو دەیەی چالاکی بوکوحەرامدا، هەزاران ژن و کچ رفێنراون. زۆربەیان بەکارهێنراون بۆ هاوسەرگیری بە زۆرەملێ لەگەڵ جەنگاوەرانی گروپەکە کۆیلایەتی سێکسی کاری خزمەتکاری هەڵگرتنی بۆمب بۆ هێرشە خۆکوژییەکان و منداڵ خستنەوە بۆ گرووپەکە ئەو ژنانەی کە دەتوانن هەڵبێن یان ڕزگار دەکرێن، بەرەوڕووی کێشەی دەروونی و کۆمەڵایەتی قورس دەبنەوە. زۆربەیان بەرەوڕووی ڕەشبینی کۆمەڵایەتی دەبنەوە، بەتایبەتی ئەوانەی منداڵیان لە دەستی گروپەکەدا هەیە. هەندێک لە خێزانەکان ڕەتیان دەکەنەوە و وەریان ناگرنەوە لەبەر ئەوی پێیان شەرمەزارییە و دەڵێن لەگەڵ دابونەریتیان ناتەبایە. قوربانییەکان پێویستیان بە پشتگیری دەروونی، پزیشکی، پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی هەیە بۆ ئەوەی بتوانن بگەڕێنەوە دۆخی ژیانی ئاسایی هێزە سەربازییەکانی نیجیریا، بە هاوکاری هێزەکانی وڵاتانی دەوروبەر و دەوڵەتانی تر، هەوڵیان داوە بوکوحەرام کۆنترۆڵ بکەن. لە ساڵانی ڕابردوودا، گرووپەکە هێندێک لە تواناییەکانی لەدەست داوە، بەڵام هێشتاش توانای ئەنجامدانی هێرشەکانی هەیە. لە ساڵی ٢٠٢١دا، ڕاگەیەندرا کە ئەبووبەکر شێکاو خۆی تەقاندووەتەوە لەکاتی شەڕ لەگەڵ گروپێکی دژبەریدا. بەڵام گرووپەکە بەردەوامە لە چالاکییەکانی تاوانەکانی بوکوحەرام دژ بە ژنان و کچان یەکێکە لە خراپترین پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە سەدەی بیست و یەکەمدا. هەزاران ژیان تێکشکاون، خێزان پەرشوبڵاو بوون و نەوەیەکی تەواو لە پەروەردە بێبەش کراوە. چارەسەری ئەم کێشەیە نەک تەنها پێویستی بە هێزی سەربازی هەیە، بەڵکوو پێویستی بە چارەسەری کێشەکانی ژێرخانی ئابووری، نەهێشتنی هەژاری و ئیدارەدانی باشی وڵات هەیە کە بواریان بۆ گەشەکردنی توندڕەوی ئامادە و خۆش کردوە

❊❊❊❊

دواستون

# «بیگرن ئەگینا حەوت و حەوت دەکاتە ٧٧»

ن: سەلام قادری

سەردێری ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ شێعری شاعیرێک کە بە ئەنقسەت و بۆ زیادکردنی باری (ئارۆنیک) مەزهەلەی شێعرەکەی ئەم ناوەی بۆ شێعرەکەی دانابوو، بەڵام ئەمە ڕێک وەزع و حاڵی ئەم ڕۆژانەی ڕابەری بێ ڕێ و شوێنی ئێرانە، جەنابی کە وادیارە ئەو شوێنەی خۆیی لێ شاردووەتەوە گەرم و نەرمە و بە بەرچاوی هەموو بەرپرسان و کاربەدەستانی ڕژیمەکەیشیەوە دەڵێت، تۆزێک، مسقاڵێک کەم و کوڕیمان هەیە بەڵام بەووشەوە ئەسپی خۆمان بۆ پێشەوە تاو دەدەین. دیارە وەها کە جەنابی لێکی دەداتەوە و دەینێتەوە پاڵ یەک حەوت و حەوت دەکاتە حەفتاو حەوت.

جەنابی کە بۆ سەناچیە حکومییەکان قسەی دەکرد، کە لە ئێران پێیان دەڵێن: (مەداح)، واتە مەدح بێژ و سەناچی، وتی: « مەداحی دیاردەیەکی زۆر کاریگەرە و، پێویستە بە توێژینەوە و لێکۆڵینەوە تیایدا زیاتر قووڵ ببینەوە و درم ناسی بکەین و بۆ ڕێگەی گەشە و پەرەپێدانی ئەم دیاردە تۆکمەیە بگەڕێین». ئەوەی کە بەم تامەزرۆییەوە باسی تۆکمەیی سەناو و سەنا بێژ دەکات دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە ئەم دیکتاتۆرە کە ئەم ڕۆژانە وەکوو کۆتەدارێک دوکەڵ دەکات و تەنانەت کاربەدەستانی نزیک لە خۆیشی ئیتر ناتوانن چاویان هەڵنەماڵن و قۆزە و لوشکەی دوکەڵەکە بشارنەوە، بەم هۆیەیشەوە جەنابی لە هەمیشە تەریککەوتووترە و، سەرزەنشت لە قسەو و ڕوانینی هەموو کەسێکا بە دیدەکات، جا دیارە کاڵای سەنا کردن و سەناچییەتی بە بەری ئاوا وەزع و حاڵێک دوراوە و پڕاوپڕە بۆ بوونەوەرێکی سایکۆ پاتی وەکوو جەنابی بەڵام کرۆکی باسەکەی ئەو بەشەیەتی کە باس لە مەترسی بۆ سەر ڕژیمەکەی دەکات و دەڵێت هێرشی دەرەکی و گوشاری ئابووری ئاستەمە و بەتاڵ بووەتەوە و ملک و وڵات هێشتا پارێزراوە بەڵام گەورەترین هەڕەشە، هەڕەشەی دڵەکانە کە لە ژێر کاریگەری ئیدیعا و پرۆپاگەندەی دوژمندا ڕەش دەبنەوە و هەڵدەگەڕێنەوە و سەنا بێژان دەبێ ئەو مەترسیە بڕەوێننەوە. ئاستەمە بڕوا بکەین کە ئەو دڵانەی کە ئایەتتوڵڵا باسی دەکات دڵێ هەشتا ملوێن خەڵکی بێبەشکراو و بەر تاڵان کەوتووی ئێران بێت، کە بە درێژایی هەموو تەمەنی ئەم ڕژیمە لە ڕێگەی سەرکوت و کوشت و بڕەوە حکومیان بەسەردا کراوە و هەر لەم چەن ساڵەی ئەخیردا لە چندین ئاخێزی وەکوو ئاخێری ساڵەکانی٩٦ و ٩٨ و ١٤٠١ دا دڵ و دەروونی خۆیان بەم حکومەتە دڵ و مێشک بەردینە نیشان داوە. ئەو دڵانەی کە خامنەای لێی دەترسێ تەنانەت دڵی تاڵانچیانی ئیسلاحخواز نییە کە ناو جۆگەکەیان گرتووە و لە هەردوولا ئەڵەوەڕێن، بەڵکوو دڵی نزیکترین کاربەدەست و مۆرەکانی نزیک لە خۆیەتی کە هێشا ڕەنگە بە کاریگەری مەداح و سەناچیەکان بێبڕوایی و دوودڵییان بڕەوێتەوە. با لەوە بگەڕێین کە ئەو دوودڵانە کاریگەری وەردەگرن یان نا و بەکام لادا دەکەون؛ ئەوەی گرینگترە ئەم جۆرە ئاخافتنانە لێکچوونێکی زۆریان هەیە لەگەڵ دوایین ئاخافتنەکانی هەموو دیکتاتۆرەکان کە تا دواچرکەکانی ژیانیان هەوڵ دەدەن بە نزیک بوونەوەی پڵنگەکە بڕوا نەکەن و بە خۆیان بڵێن: «دەی بەشکەم پشیلە بێت» واتە ئیشلا پڵنگ نییە کە نزیک دەبێتەوە بەڵکوو پشیلەیە. دیسان دەبێ بڵێین بیگرن ئەگینا شێر و پڵنگ دەکاتە پشیلە، ئەگینا حەوت و حەوت دەکاتە حەفتا و حەوت و ئەگینا مەدح و سەنا دەکاتە دارەکەی دەستی مووسـ

❊❊❊❊